# سیاسەتی ڕاگواستن و کۆچپێکردنی زۆرەملێی حکومەتی عێراقی بەرانبەر بە بارزانییەکان (١٩٧٥-١٩٨١)

جەنگاوەر مستەفا هەمزە          پ.ی.د. دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان
بەشی مێژوو/کۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
jangawar.hamza @su.edu.krd          dilshad.m.a@su.edu.krd

پوختە:
لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە (١٩٧٥)، حکومەتی بەعس بە شێوازێکی نەخشە بۆ کێشراو، کەوتە جێبەجێکردنی سیاسەت، نەخشە و پیلانەکانی لە کوردستانی عێراق، هەر لەو چوارچێوەیەدا حکومەتی بەعس، پرۆسەکانی ڕاگواستنی دانیشتوان و وێرانکردنی گوندەکانی ناوچە سنوورییەکان خستە بواری جێبەجێکردنەوە، بەم هۆکارەوە بەشێکی زۆر لە دانیشتوان و گوندەکانی ناوچەی بارزان، ڕووبەڕووی سیاسەتی ڕاگواستن و وێرانکردن بوونەتەوە، بەپێی زانیارییەکانی نێو بەڵگەنامە فەرمییەکان، پاڵپشت بەو زانیارییانەی لە میانەی سازدانی دیدار لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بە دەست هاتوون و هەروەها وتەکانی نێو سکاڵای گەواهیدەرەکان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، سیاسەتی حکومەتی بەعس لەو بارەیەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، لە (١٩٧٥)ەوە بەدواوە شاڵاوەکانی ڕاگواستن لە لایەن حکومەتی عێراق لە دژی بارزانییەکان بە چەند پرۆسەیەکی جیاواز جێبەجێکراون، پرۆسەی یەکەم لە (١٩٧٥- ١٩٧٨)، پرۆسەی دووەم لە (١٩٧٨- ١٩٨٠)، پرۆسەی سێیەم لە (١٩٨٠- ١٩٨١)، سەرەڕای ئەمانە لە ئەنجامی کاریگەری سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس، چەندان لێکەوتە و شوێنەواری نەرێنی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی و...هتد، لە دژی ناوچەکە

و دانیشـــتووانەکەی لـــێکەوتەوە، تەنـــانەت بە تەواوی هەوڵـــی ســـڕینەوەی نـاوچەکە دراوە، هەریەکە لە بەڕێـوەبەرایەتی ناحییەکـانی بـارزان لە سـاڵی (١٩٧٧)دا، شـێروان مەزن لە سـاڵی (١٩٨٢)دا لە لایەن حکـومەتی بەعـس بە یەکجاری هەڵوەشێندرانەوە. توێژینەوە لەبارەی سیاسـەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە ڕاگواستن و کۆچپێکردنی زۆرەملێی دانیشتووانی بارزان، تێکدان و وێرانکردنی گوندەکانی ناوچەکە گرنگی زۆری هەیە، ئەمەش وێڕای ڕۆڵی مێـژووی نـاوچەکە و دانیشـتووانەکەی لە قۆنـاغە جیاوازەکـانی مێـژووی سیاسـی کوردسـتانی عێراق، بەشـێوەیەکی ئەکادیمی لای لێ نەکراوەتەوە و گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، بۆیە دەکرێت لە توێژینەوەیەکی لەم شـێوەیەدا تـاڕادەیەک تیشـک بخـرێتە سـەر سیاسـەتی حکـومەتی بەعس، لە بەرامـبەر ناوچەکە و دانیشتووانەکەی لە ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٨١).

**وشەی سـەرەکییەکان:** بارزانییەکـان، ڕاگواسـتن، کۆچپێکردنی زۆرەملێ، حکومەتی عێراقی.

**پێشەکی:**

ناوچەی بارزان بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری عێراق لە پارێزگای هەولێر، نـاوچەیەکی شـاخاوی سـەختە، بایەخ و پـێگەی نـاوچەکە و دانیشـتووانەکەی لە چەنـد لایەنـێکەوە دەردەکەوێـت، لە قۆناغەکـــانی ڕابـــردوودا پەنـــاگەیەکی قـــایم و ســـەختی بـــزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـی گەلـی کـورد بـووە، هەروەهـا دانیشـتووانەکەی پێگەیەکی گرنگیـان، لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کـورد لە کوردسـتانی عێراقـدا هەبـووە. لە پـاڵ پـێگە ئـایینییەکەی، ڕۆڵێکـی سیاســـیی دیـــاری لە مێـــژووی کـــورددا هەبـــووە، لە هەنـــدێک قۆناغـــدا، ســەرکردایەتیی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـی گەلـی کوردیـان لەم بەشەی کوردستاندا کردووە.

لە قۆناغەکانی خەبـاتی چەکداریی بزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـی گەلـی کـورد، ئەگەری سـەرکەوتنی لە دژی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکـانی

عێـــراق و حکـــومەتی بەعـــس زۆربەی جـــار بە گونـــدەکانی کوردســـتان بەسترابوویەوە، چونکە سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستی ماددی و مرۆیی بزووتنەوەکە بوون، بۆیە بەبێ پشتیوانی دانیشتووانی گوندەکان، هێزەکانی پێشمەرگە بە سوود وەرگرتن لە پێگە و هەڵکەوتەی جوگرافی گوندەکانی ناوچە شاخاوییەکان، لە نێویشیاندا گوندەکانی ناوچەی بارزان، نەدەتوانرا خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بەردەوام بێت، بەڵام ئەمە لە لایەکـــی دیـــکەوە پاســـاو و بیـــانوییەکی گەورەی بەدەســـتی حکومەتی بەعســـەوەدا، تاکو لەو دەرچەیەوە نەخشـــە و پیلانەکـانی، وەکـو: سیاسەتی ڕاگواستن دژ بە دانیشتووان و وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستان، لە نێویاندا دژی ناوچەی بارزان و دانیشتووانەکەی پیادە بکات.

تـوێژینەوە لە بـارەی ڕاگواسـتنی دانیشـتووان و وێرانکردنـی نـاوچەی بارزان، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول گرنگی خۆی هەیە، لە لایەک ڕۆڵی مێژوویی و سیاسـی و...هتد دانیشـتووانی نـاوچەکە لە مێـژووی بـزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، لە لایەکی دیکە ئەم بابەتە بە تایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعس بە شێوەیەکی ئەکادیمی لای لێ نەکراوەتەوە، نەتوانراوە ئامارێکی ورد و دروست لە بارەی ژمارەی ڕاگوێزراوان، ڕێکەوت و بەروارەکانی پرۆسەکانی ڕاگواستنی دانیشتووانی ناوچەکە، زیانە گیانی و ماددییەکانیـــان بە وردی و دروســـتی بە دەســـت بهێنرێـــت، چـــونکە ئەوەی بەدەســـتهاتووە یـــان لە نێـــو ســـەرچاوەکاندا بەردەســـتن، زیـــاتر بە هـــۆی ئەنجامدانی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ گەواهیدەری نێو ڕووداوەکان تۆمار کراون، لەو بـارەدا نـاتوانرێ بە شـێوەیەکی ئەکـادیمی پشـت بە هەنـدێک لە گێڕانەوەکان ببەسترێت، چونکە زانیارییەکان چۆن یەک نین، لە هەمان کاتدا بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی بەعس لەو بارەیەوە بە تەواوی بەردەست نەبوون، کە زۆر لایەنی شاراوە و نادیارمان بە شێوەیەکی زانستی بۆ ڕۆشن و پشـــت ڕاســـت بکـــاتەوە، ئەمەش یەکـــێکە لەو گرفتـــانەی کە تـــوێژینەوەکە ڕووبەرووی بۆتەوە.

توێژینەوەکە لەم پێشەکییە، دەروازەیەک، چوار باسی سەرەکی و ئەنجام

پێکهـاتووە، لە دەروازەدا بە شـێوەیەکی پوخـت پاشـخانێکی مێژوویـی وەک زەمینەی خستنەڕووی بابەتەکە باسکراوە. لە باسی یەکەمدا تیشک خراوەتە سـەر هۆکارەکـان و ئامانجەکـانی ڕاگواسـتنی دانیشـتووانی نـاوچەی بـارزان. باسـی دووەم تـایبەتە بە ڕاگواسـتنی دانیشـتووان و وێرانکردنـی بەشـێک لە گونـــدەکانی دەڤەری بـــارزان لە ســـاڵی (١٩٧٥)دا و بـــارودۆخی بـــارزانییە ڕاگوێزراوەکـان لە کۆمەڵگـا زۆرەملێیەکانـدا. باسـی سـێیەم تـایبەت کـراوە بـۆ باسی ڕاگواستنی بەشێک لە دانیشتووانی نـاوچەی بـارزان لە سـاڵی (١٩٧٨)دا و وێرانکردنی بەشێک لە گوندەکانی نـاوچەکە. باسـی چـوارەم تەرخـان کـراوە بۆ باسی گەڕاندنەوەی بارزانییەکانی باشووری عێراق لە ساڵی (١٩٨٠)دا بـۆ کوردستان، بەردەوامی سیاسەتی ڕاگواستنی دانیشتووانی ناوچەکانی بارزان لە ســاڵی (١٩٨١)دا لە لایەن حکــومەتی عێــراق، بە شــێوەیەکی گشــتی لە ســـەرجەم باســـەکاندا ئامـــاژە بە بـــارودۆخی بارزانییەکـــان لە کۆمەڵگـــا زۆرەملێیەکان دراوە، لە گێڕانەوەی مێژووی بە پشت بەستن بە سەرچاوەی مێژووی ڕەسەن بەڵگەنامەی فەرمـی لە هەر شـوێنێک پێویسـتی بە هەڵوەسـتە و ڕاڤەکردنێـک بووبێـت، ڕێبـازی لێکـۆڵینەوە و شـیکردنەوەی مێژوویمـان بەکارهێنـــاوە، لە ئەنجامیشـــدا پـــوختەی ئەنجامگیرییەکـــانی تـــوێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

**دەروازە: پاشخانی مێژوویی:**

بارزانییەکـان لە دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـول لە سـاڵی (١٩٧٥)دا، بەشـێک لە بارزانییەکـان ئـاوارەی وڵاتـی ئێـران بـوون، دواتـر لە ئێرانـدا پەرتەوازەکران، بەشێکی تریان ڕوویان لە وڵاتی تورکیا کرد، پاشان بە قاچاغ لە چەنـد گونـدێک لە گونـدەکانی سـەر سـنوور جێگیـر بـوون، لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شـۆڕش نـاوچەیەکی ئازادیـان بـۆ فەراهەم بـوو (مزويری أ، ٢٠١٠، ٢٥؛ چـالی و زێتـی و بـلەی، ٢٠٠٩، ٢٣)، ئەوەی جێگـای سـەرنجە لە ناوەڕۆکی نامەکەی سەددام حوسێن (١٩٣٧-٢٠٠٦) جێگری سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق، تایبەت بە لێبوردنی گشتی بۆ گەڕانەوەی پەنابەرانی کورد

لە ئێران، لە برگەی سێیەم تەنها ئاماژە بە ناوی چوار کەسایەتی بارزانی کراوە، بە هەڵاوێردن لێبوردنی گشتی نایانگرێتەوە، ئەوانیش: (مستەفا بارزانی (١٩٠٣- ١٩٧٩)، ئیدریس بارزانی (١٩٤٤- ١٩٨٧)، مەسعود بارزانی، شێخ محەمەد خالید) (بابان زادە، ٢٠١٣، ١٩٨).

لە قۆناغی دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلولیش بارزانییەکان، جێگای بایەخ و مەترسی حکومەتی عێراقی بوون، بۆیە بەردەوام لە لایەن دام و دەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانی حکومەتی عێراق چاودێری جموجۆڵەکانیان دەکرا، ئەمەش وەکو هەنگاوێک بۆ ڕێگری لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، لەو بارەیەوە ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی لێژنەی هەماهەنگیی پارێزگای مووسڵ لە (٢٦ی تەمووزی ١٩٧٥)، بۆ لێژنەی باڵای کاروباری باکوور، ناوەرۆکی نووسراوەکە ئاماژە بە ناوی (٦٢) کەسی بارزانی دەکات، کە لە گوندەکانی دەوروبەری ناحیەی نەهلە- ئاکرێ نیشتەجێ بوون، بەڵام لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، لەسەر داواکاری ئیدریس بارزانی (١٩٤٤- ١٩٨٧)، بۆ وڵاتی ئێران ڕۆیشتوون و پەیوەندییان بە ناوبراو کردووە، ئەمەش لە لایەن حکومەتی بەعس بە جووڵەیەکی مەترسیدار و پێچەوانەی بارودۆخی ئەوسا لە قەڵەم دراوە، چونکە ڕۆیشتنی ئەم کەسانە لەسەر داواکاری ئیدریس بارزانی بۆ ئێران مەترسی و ئەگەری خۆڕێکخستنەوەیانی لە لای حکومەتی عێراق دروستکردووە، لە لایەکی دیکە ئەوەی مەترسیی حکومەتی بەعس زیاتر کردووە، لەو سەروبەندەدا بە پێچەوانەوەی ئەم دەستە و کۆمەڵەیە لە بارزانییەکان بەشێکی زۆر لەو کەسانەی لە نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا بوون، لە ئێرانەوە بۆ عێراق دەگەڕانەوە خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکردەوە (محافظة نينوى- لجنة التنسيق، ١٩٧٥/٧/٢٦).

شایانی باسە حکومەتی عێراق و سەرۆکەکەی بە پێچەوانەی بەڵێنەکانیان، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بە هەزاران گوندنشینانی ناوچەی بارزانیان، بە بیانووی دروستکردنی پشتێنەی ئەمنی، بە زۆرەملێ بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق ڕاگواست (محەمەد، ٢٠١٥، ٣٦). تەنانەت ئەو

بارزانیـانەی لە ئێـران دەگەڕانەوە، بە زۆر بـۆ ناوچەکـانی باشـوور دوور دەخـرانەوە و پاشـان دەخـرانە ژێـر چـاودێری دەزگـا ئەمنییەکـانەوە، لەو بـارەیەوە ئامـاژە بە نـاوەرۆکی نووسـراوەکانی بەڕێـوەبەرایەتی ئاسایشـی پارێزگـای قادسـیە لە کۆتـای سـاڵی (١٩٧٦)دا، بە وردی بە دواداچـوون بـۆ دۆسیەی بارزانییەکان کراوە و ڕوون کراوەتەوە کە لە دوای گەڕانەوەیان لە وڵاتی ئێران بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق بۆ پارێزگای قادسیە- قەزای عەفەگ دوورخـراونەتەوە و نیشـتەجێکراون، ئەگەرچـی ئەم نووسـراوانەی ئاماژەیان پێکراوە، بە ڕووکەش ئاماژەن بە لیستی ناوی ئەو بارزانییانەی لە ئێران گەڕاونەتەوە و لە پارێزگـای قادسـیە نیشـتەجێکراون، بەڵام مەبەسـتی سەرەکی لە پشت ناردنی ئەم زانیارییانە، تەکنیک و شێوازێکی تایبەتی دەزگا ئەمنییەکـانە بـۆ ئاگـادارکردنەوەی سـەرووی خۆیـان، بە مەبەسـتی چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیـاریی زیـاتر لە بارەیـانەوە لە قۆناغەکـانی داهـاتوودا (مديرية امن محافظة القادسية، ١٩٧٦/١٠/٦؛ مديرية الامن العامة، ١٩٧٦/١١/١١).

**باسی یەکەم:**

**گرنگترین هۆکار و ئامانجەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێی بارزانییەکان:**

**یەکەم: گرنگترین هۆکارەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێی بارزانییەکان:**

**١- هۆکـاری سیاسـی و سـەربازی:** نـاوچەی بـارزان هەر لە سـەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ناوەندێکی گرنگی تێکۆشـانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیـی گەلـی کـورد بـووە، هەروەهـا لە پـاش هەرەسـی شۆڕشـی ئەیلـول لەگەڵ دووبـارە سـەرهەڵدانەوەی بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـی گەلـی کورد، ناوچەکە مۆڵگە و پەناگەی هێزی پێشمەرگە بووە، لەبەر ئەوە لە دیدی حکومەتی عێراقی جێگای سەرنج و بایەخ بووە (القيادة المؤقتة، د. س، ٣٢ و ٦٣؛ مزویـری-ب، ٢٠١٣، ٢٤)، هەرچەنـدە لە نـاوچەی بـارزان هێـزی سـوپای عێـراق لە شـکەوتووان و شـێروان مەزن، گەرووی گـوێژێ جێگیـر کـرا بـوو (بـارزانی، ٢٠٢١، ١١)، بەڵام لە هەمـان کاتـدا نـاوچەکە مەڵبەنـدی حەوانەوە و پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگە، هەروەها ناوەندێکی چالاکییە پارتیزانییەکانی

هێـزی پێشـمەرگە بـوو، بەو هـۆیەوە سـوپای عیراقـی زۆرجـار زیـانی بەردەکەوت (القيادة المؤقتة، د. س، ٣٢ و ٦٣؛ مزویری أ، ٢٠١٠، ٢٤).

**٢- هۆکـاری ئایـدۆلۆژیای بەعـس:** ڕاگواسـتن لە دیـدی حیزبـی بەعـس وەکو پـارتێکی ناسیۆنالیسـتی توونـدڕەو ڕەهەنـدیکی نەتەوەیـی هەبـوو و لەو هاوکێشەیە بەدەر نەبوو، بەردەوام پرسی کوردی وەک بـابەتێکی مەترسـیدار بـۆ سـەر ئاسایشـی سـتراتیجیی بەعـس و عێـراق هێمـا کـردووە (عبدالرحمن، ٢٠٠٦، ٤٢)، چـونکە حیزبـی بەعـس لە یەکەمـین کـۆنگرەی دامەزراندنیـدا لە مـاددەی حەوتەمـی، کوردسـتانی بە بەشـێک لە نیشـتیمانی عەرەب دانـاوە (عبدالرحمن، ٢٠٠٦، ٩٣- ٩٤).

**٣- هۆکـاری نەتەوەیـی:** دابڕینـی نـاوچەی بـارزان لە پارچەکـانی تـری کوردسـتان، چـونکە نـاوچەکە لە ڕووی نەتەوەیـی و جـوگرافییەوە، درێژبوونەوەی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە، لەو چوارچێوەیەدا لە کۆی (٥١) گونـدی هـۆزی گەردی تەنهـا (٣) گونـدیان لە نـاوچەی بـارزانە، لە کـۆی (٢٩) گونـدی هـۆزی هەرکـی بنەجـێ تەنهـا (٩) گونـدیان لە نـاوچەی بـارزانە، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەنـدی توونـد و تـۆڵی خزمـایەتی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە (ئەبوبکر،٢٠٠١، ٢٦- ٣١).

**دووەم: ئامانجەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێی بارزانییەکان:**

**١- ئامانجی سیاسی- سـەربازی:** حکومەتی بەعس، بە ئامانجی ڕێگری کردن لە سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلـی کـورد، هەروەهـا دابڕینـی هێـزی پێشـمەرگە لە بـنکەی فراوانـی جەمـاوەر و لادێنشینەکان (تالب، ١٩٩٩، ١٠١؛ تەیب، ٢٠١٢، ١٥٤- ١٥٥)، مەترسـی پرسـی کورد لەسـەر دواڕۆژی عێراق نەهێڵێت، زەمینەی سـەربەخۆیی و جیابونەوە بۆ کورد نەیەتەدی، دەستی کردووە بە ڕاگواستنی زۆرەملێی کورد (مستەفا، ٢٠٠٧، ١١٥).

**٢- ئامانجی نەتەوەیی:** بە ئامانجی سڕینەوەی نەتەوەی کورد لە عێراق،

لە قاڵبــدانی ئەو جیــاوازییە ئیتنــۆگرافی، جــوگرافی و ئەنثرۆپۆلۆژیــانەی تایبەتمەندی و جیاوازیان بە کوردستان بەخشیوە، کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق جیایدەکاتەوە (عبدالرحمن، ٢٠٠٦، ٤٨).

**٣- ئامــانجی جــوگرافی- ئــابووری:** نــاوچەی بــارزان لە ناوچەکــانی باکووری کوردستان دابڕێت، لە سۆنگەی ئەوەی پردی بەیەکەوە بەستنی باشــووری کوردســتان بە ناوچەکــانی گەڤەر، هەکــاری و شــەمزینان لە بــاکووری کوردســتان (چــالی و زێتــی و بــلەی، ٢٠٠٩، ١٢)، لە ڕووی ئــابوورییەوە دانیشــتووانی ناوچەکــانی کوردســتان، بە ناچــاری پشــت بە ناوچەکانی تری عێراق و حکومەتی ناوەندی ببەستن (مەزهەر، ٢٠٠٩، ٥٧٥-٥٧٥؛ تالب، ١٩٩٩، ٢٠٠).

**٤- ئامانجی کۆمەڵایەتی:** لەناوبردن و نەهێشتنی کلتور، داب و نەریت، بەها بەرزەکان، تێکدان و هەڵتەکاندنی شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی (مزویری أ، ٢٠١٠، ٢٤؛ جەلال، ٢٠١١، ١٥٥).

یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی سیاسەتی ستراتیژیی بەعس لە کوردستان، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٧٥)دا، ڕاگواستنی زۆرەملێ دانیشتووان و تێکدانی گوندەکانیان بوو، هەرچەندە پرۆسەکانی ڕاگواستن لە کوردســتانی عێــراق پێشــینەیەکی مێژوویــی کــۆنتری هەیە، ڕاگواســتن لەو قۆناغەدا بەو شێوازە بەرنامە بۆ داڕێژراوە، وەکو ئەنجامێکی پەیوەست بە نــاوەرۆکی ڕێککەوتننــامەی جەزائیــر لە ســاڵی (١٩٧٥)دا دەســتیپێکردووە، بە ترسناکترین قۆنــاغ لە کوردستانی عێراق دادەنرێت، چونکە زۆرتـرین خـاکی ناوچەکانی کوردستان لە میانەی پرۆسەکانی ڕاگواستن لە دانیشتووانەکانی چــۆڵکران، بە نــاوچەی قەدەغەکــراو هەژمــار کــران، ئەگەر ڕاپەڕینــی ســاڵی (١٩٩١)ی گەلــی کــورد لە کورســتانی عێــراق نەبــوایە، ئەوا نــاوچە قەدەغە کراوەکان زۆرترین پانتایی لە خاکی کوردستانی عێراق دەگرتەوە (محەمەد، ٢٠٠٤، ١٢٤)، چەمکی ڕاگواستن بە واتای گواستنەوەی شوێنی جوگرافی یان شــوێنگۆڕینی بەزۆر دەگەیەنــێ، لە ڕێــی بەکارهێنــانی تۆقانــدن، پاڵەپەســتۆ

خستنەســەر و هێــز بەکارهێنــانەوە، کە گــۆڕینێکی هەمیشــەیی لە جێــی نیشتەجێبوون و ماڵی ئاسایی لە یەکەیەکی جوگرافی بۆ یەکەیەکی جوگرافی تر لەخۆ بگرێت. بەڵام ئەوەی مەترسییەکی بێ هاوتای خستبووە سەر گەلی کورد، بریتی بوو لە جۆری ڕاگواستنی بە زۆرەملێ، ئەم جۆرە ڕاگواستنە لەو دەوڵەتــانەدا ڕوودەدات، کە شــێوازی حوکمڕانییەکانیــان سیســتەمێکی دیکتاتۆرییە و زیاتر لە نەتەوەیەک یا مەزهەبێک تێدا دەژین، زۆربەی جار لەم جۆرە دەوڵەتانەدا دەستە و کۆمەڵە حوکمڕانەکان سەر بە کۆمەڵەیەکی دیارکراون لە دژی کۆمەڵەیەکی دیکەدا کاردەکەن، لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم جۆرە ڕاگواستنە: جیاکردنەوە و دابڕینی بزووتنەوە، هێزە شۆڕشگێڕییە چەکــدارییەکانە لە بــنکەی فروانــی خەڵــک و جەمــاوەر، لە لایەکــی دیــکە دانیشتووانی ڕاگوێزراو لە کەسانی بەرهەمهێنەر ببن بە کەسانی بەکاربەر، هەروەهــا دووبــارە دابەشــکردنەوەی دانیشــتووانی دەوڵەت بە پێــی هەنــدێک پێــوەر و بەرژەوەنــدییەکان تایبەتییەکــانی خۆیــان (عەبــدوڵڵا، ١٩٩٩، ٤- ٥)، سەددام حوسێن لەساڵی (١٩٧٥)دا ڕایگەیاند بوو: " نیازی وایە دانیشتووانی کــورد لە نــاوچە ســنوورییەکانی ئێــران و تورکیــا ڕاگوێزێــت" (ئەسەســەرد، ٢٠٠٠، ١١٠).

ئەوەی لێــرەدا جــێگەی ئامــاژەیە دواتــر ئەم بــابەتە لەو چوارچێــوەیە تێدەپەڕێت، کە بە تەنها پەیوەست بێت بە لەناوبردنی شۆڕشی کورد، بەڵکو ئامــانج لێــی چــۆڵکردنی نــاوچەیەکی فــراوان لە دانیشــتووانی کــورد و دروستکردنی ناوچەیەکی قەدەغەکراو، کە هەرچی تیایدا دەستگیربکرێت لە ناوببردرێــت، بەردەوامــی ئەم سیاســەتەی حکــومەتی بەعــس لە کورســتاندا، ئەنجام لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەر دەکێشێت بۆ پرۆسەکانی کۆمەڵکــوژی گەلــی کــورد (ئەسەســەرد، ٢٠٠٠، ١١٠)، حکــومەتی عێــراق بە پاساوی لەناوبردن و بنبڕکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کــورد، هەڵســا بە جێبەجێکردنــی نەخشــەیەکی ترســناک بە قــوڵایی (٣٠- ٤٠) کلیۆمەتر، دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ ئێران، تورکیا، سوریا بە زۆر ڕاگواست، لە ئەنجامی سیاســەتی ســوتماککردنی خــاکی کوردســتان بە

هەزاران گوند و کێڵگەی کشتوکاڵی وێرانکران و لە ناوبران (الطالباني، ١٩٨٨، ١٩- ٢١). شـــایانی باســـە دانیشـــتووانی نـــاوچە ڕاگوێزراوەکـــان دوای ڕاگواستنیان لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکاندا کۆدەکرانەوە و نیشتەجێ دەکران، ئەم کۆمەڵگایانە لە نزیک شارە گەورەکان یان ڕێگاوبانە سەرەکییەکان بنیاد دەنران، بە سەربازگە گەمارۆ درا بوون، بۆ ئەوەی حکومەتی بەعس بە ئاسانی و زیاتر بەسەریاندا زاڵ بێت، تاکو لە ژێر کاریگەری و هەژموونی پێشمەرگە بە دووربن نەتواندرێ ڕێکخستن و چالاکیان تێدا ئەنجام بدرێت (مینە، ٢٠١٢، ١٨٦).

### باسی دووەم:

### ڕاگواستنی زۆرەملێ و تێکدانی گوندەکانی بارزان (١٩٧٥– ١٩٧٨):

حکـــومەتی عێراقـــی لە هەمـــان ســـاڵی نســـکۆی شۆڕشـــدا، لە ڕووی کردارییەوە هەنگاوی پێویستی بۆ جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکانی لەبارەی ڕاگواستنی زۆرەملێ و تێکدانی گوندەکان هەڵنا، بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، ژمارە (١١٦٠) لە (١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥)دا دەسەڵاتی بەسەرجەم یەکە کارگێڕییەکان بەخشی، بۆ نیشتەجێکردنەوەی دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان بەبێ بەرانبەر و هیچ جێگرەوەیەک (جمباز، ٢٠٠٤، ٥٣). سەبارەت بە ناوچەی بارزان لە چوارچێوەی پلانێکی پێشوەختە ئامادەسازی بۆ ڕاگواستنی بارزانییەکان و تێکدانی گوندەکانی ناوچەکە کردووە، (عەلی سام ئەیوب) خەڵکی گوندی (شیفکێ) کە گەواهیدەری ڕووداوەکانە لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٥)دا حکومەتی عێراق بە پاڵپشتی هێزێکی زۆری سەربازی، کە لە لیوای یەکی زرێپۆش، لیوای دووی تانک و دەیان هەلیکۆپتەر پێکهاتبوو، تەواوی ناوچەی بارزانیان بە هەمـــوو چیـــا و ڕێگاوبانەکـــانی دەڤەرەکە گەمـــارۆدا، بەرپرســـی هێـــزە سەربازییەکە بە ناوی (مقدم سامی) خەڵکی سامەڕا بوو، لەو سەردەمەدا فەرمـانگەی کشـتوکاڵی لە گونـدی بـازێ بـوو، لە (١٦ی ئەیلـولی ١٩٧٥)دا ئاگاداری موختاری سەرجەم گوندەکان کرایەوە، لە فەرمانگەی کشتوکاڵی گوندی بازێ ئامادەبن، گوایە سەرژمێری زەوی و زار، مەڕومالات، ڕەز و

باغەکـانی نـاوچەکە دەکرێـت، بەڕێـوەبەری کشـتوکاڵی (دیـوانیە) بە نـاوی (بەزونە) بـۆ هەمـان مەبەسـت ئامـادە بـوو، ئێمە پێمـان وابـوو شـتێکی تـر لە ئارادایە و هەستمان بە ترسێکی زۆرتر دەکرد، هیچ کەسێک نەیدەتوانی خۆی دەرباز بکات لەو کاتەدا بارودۆخەکە لەبار نەبوو، چونکە ناوچەکە بە هێزی سەربازی گەمارۆ درابوو، لە هەمان کاتدا شۆڕش و بزووتنەوەیەکی کوردی لە ئـارادا نەبـوو..، لەدوای ناونووسـینی دانیشـتووان، لە (٢٣- ٢٤ی ئەیلـولی ١٩٧٥)دا لە لایەن حکومەت ئاگادارکراینەوە بۆ نـاو شـارەکان دەگوازرێینەوە، بە بیانوی ئەوەی ئاو و کارەباتان نییە و لە شـارەکان دوورن، لە ڕاگواسـتندا سەرەتا ژنان و منداڵانی هەندێک لە گوندەکان بە هەلیکۆپتەر بۆ گوندی بـازێ گوازرانەوە، ڕۆژی دواتر هەر (١٠) کەس لە پیاوەکان لەگەڵ (١٥) سـەرباز بە پیادە ڕەوانەی گوندی بـازێ کراین، دوای شـەش کـاتژمێر بە پـێ ڕۆیشـتن بە ڕێگـاوە بـووین گەیشـتینە گونـدی بـازێ..، کـاتێ گەیشـتینە گونـدەکە دیتمـان خەڵکەکەی ڕاگوێزرا بـوو و خانووەکانیشـی بەسـەر یەکدا ڕوخێنرا بـوون...، پاشــان بە ئۆتۆمــۆبێلی ســەربازی ئێمەیــان بــۆ پارێزگــای دیــوانییە- قەزای عەفەگ ڕاگواست..." (عەبدە، ٢٠١١، ١٦٤- ١٦٥). (١١- ١٨ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٥) بە قۆنـاغ و پرۆسـەی یەکەمـی ڕاگواسـتنی زۆرەملێـی دانیشـتووانی ناوچەکـــانی بـــارزان لە لایەن حکـــومەتی عێـــراق دادەنرێـــت، ســـەرجەم دانیشـتووانی گونـدەکانی هۆزەکـانی (بەرۆژی، مـزووری ژێـری-خـواروو، نزاری، هەرکی بنەجێ و بەشێک لە شێروانییەکان)، بۆ باشووری عێراق بە زۆرەملێ ڕاگوێزران، بەم شێوەی خوارەوە:

أ- لە (١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥)دا بارزانییەکانی عەشـیرەتی بەرۆژی لە گوندەکانی (بـارزان، بلـێ، بـازێ، هۆسـتان، هەڤنـدکا و...هتـد)، ئۆتۆمـۆبێلی سـەربازی لە جـۆری ئیڤـا بـۆ ئۆردوگـا زۆرەملێیەکـانی باشـووری عێـراق ڕاگوێزران.

ب- لە (١٤ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٥)دا گونـدەکانی (شـانەدەر و سـەکۆ و...هتد) بۆ باشـووری عێراق ڕاگوێزراون، پاڵپشـت بەو یادداشـتەی (سلێمان شـێخۆ سلێمان) لە سـاڵی (١٩٧٥)دا تۆمـاری کـردوون و لە دوای خـۆی جێی

هێشـتووە، کە نـاوبراو لە سـاڵی (١٩٨٣)دا لە لایەن حکـومەتی بەعـس لەگەڵ سـەرجەم پیـاوانی بارزانییەکـان لە ئۆردوگـا زۆرەملێیەکانـدا دەسـتگیرکراوە و شـوێنبزرکراوە، بە پێـی یادداشـتەکەی نـاوبراو سـەرەتا لە (١١ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٥)دا لە لایەن حکـومەتی عێراقـی مەبەسـتی ڕاگواسـتنیان ناونووس کراون، پاشان لە (١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥)دا، بە ئۆتۆمۆبێلی سەربازی بۆ باشووری عێراق ڕاگوێزراون.

ج- لە (١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥)دا بارزانییەکانی لە هۆزی مزوری وڵاتی ژێری گوندەکانی (شنگیل، هیزان، بابسێڤا، ئاڤەدور...هتد)، سـەرەتا بە هەلیکۆپتەری سەربازی بۆ گوندی بازێ، پاشـان بە ئۆتۆمۆبێلی سـەربازی لە جۆری زیل بۆ باشـووری عێراق ڕاگوێزران، لە هەمـان ڕۆژدا بارزانییەکانی عەشیرەتی نزاری گوندەکانی (زۆرەگڤان، ئیروان، سـەفتی، کولەکا و...هتد) بە ئۆتۆمـۆبێلی بـارهەڵگری سـەربازی بـۆ مووسـڵ، پاشـان بە شـەمەندەفەر بـۆ باشـووری عێـراق ڕاگـوێزران (بـارزانی، ٢٠٠٩، ٥٩ و ٦٧؛ ملاسـوار و بـلەی، ٢٠٢٠، ٤١- ٤٢)، لەو قۆنـاغەدا دانیشـتووانی (٧٦) گونـدی نـاوچەی بـارزان ڕاگـوێزران، خانووەکانیـان بە مـاددەی (t. n. t) تەقێنـدرانەوە، کێڵگەو ڕەز و باخەکانیـان سـوتێندران و نـاوچەکە بە تەواوی خـاپوور کـرا، پرۆسـەی ڕاگواسـتنی دانیشـتووانی نـاوچەکە لە ژێـر فەرمـان و ڕێوشـوێنی تونـدی سەربازیدا ئەنجام درا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەها و یاساکانی تایبەت بە مافی مـرۆڤ، ڕاگـوێزراوان لە پارێزگـای دیـوانیە- قەزای عەفەگ لە ناحیەکـانی: ( شافعیە، ئەلبدێر، فەوارە- نەفەر) لە گوندەکانی (جحێش، خەیریە، مەرزیجە) و کۆمەڵگـا زۆرەملێیەکـانی (١، ٢، ٣، ٤) تـاکو (١٩٨٠) بە زۆر نیشـتەجێکران (محەمەد، ٢٠٠٤، ١٢٦؛ بارزانی، ٢٠٠٩، ٥٦؛ چالی و زێتی و بلەی، ٢٠٠٩، ٢١؛ مزویری ب، ٢٠١٣، ٤٠- ٤١).

بارزانییەکـان لە دوای ڕاگواسـتن و نیشـتەجێکردنیان لە کۆمەڵگـا زۆرەملێیەکـانی باشـووری عێـراق، بە تەواوی جموجۆڵەکانیـان خـرایە ژێـر چاودێری دەزگا ئەمنییەکان، لەو سۆنگەیەوە ئاماژە بە ناوەڕۆکی نووسـراوی بەڕیـوەبەرایەتی ئاسایشـی پارێزگـای قادسـیە لە سـەرەتای سـاڵی (١٩٧٦)دا،

هەروەها نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٦)دا، ئەم نووسراوانەی سەرەوە بەڵگەیەکی ڕوونن لەسەر سیاسەتی حکومەتی عێراق بۆ ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق، هەروەها جەخت لەسەر ناردنی کۆمەڵێک زانیاری دەکەنەوە، وەکو ناردنی لیستی بەرپرسی خانەوادە بارزانییەکان بۆ سەرووی خۆیان، لە بارەی گەیشتنیان بۆ ناوچەکەیان، پاشان نیشتەجێکردنیان لە قەزای عەفەگ لە گوندەکانی (جحێش، نەفەر یەک و دوو) ئەگەر زیاتر لێیان وردبینەوە مەبەستەکانی ناردنی ئەم زانیارییانە و ئاگادار کردنەوەی سەرووی خۆیان بووە، لە کۆکردنەوەی ئامار و داتای دروست لە بارەی خانەوادە بارزانییەکان، کە لە سنووری چالاکی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان نیشتەجێکراون، وەکو بنەمایەک بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی هەمەلایەنە و پێویست لە قۆناغەکانی داهاتوودا (مديرية امن محافظة القادسية، ١٩٧٦/٣/٢٩؛ مديرية الامن العامة، ١٩٧٦/٥/١٦).

سەبارەت بە بوونی خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵگاکاندا ئەوا لە ئاستێکی زۆر خراپدا بووە. (ساڵح عەبدوڵڵا باپیر) خەڵکی گوندی بازێ دەڵێت: " خانووەکانمان بە شێوەیەکی زۆر بچووک لە قوڕ دروستکرابوون، سەری بە حەسیر و دار داپۆشرابوو، بۆ نیشتەجێبوون نەدەشیان، ناوچەکە ئاووهەوایەکی بیابانی وشک، گەرمی و تۆزاوی هەبوو، جگە لە نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاوی خواردنەوەی پاک، ئەوەی هەبوو بە کەڵکی خواردنەوە نەدەهات، چونکە پاشەڕۆی پیس و لاشەی ئاژەڵی تۆپیوی پێدا دەهات، بەو هۆیانەوە جۆرەها نەخۆشی لە نێو دانیشتووانی ئۆردوگاکان بڵاوبوویەوە، لە ئەنجامدا چەندان کەس گیانیان لە دەستدا، لە لایەکی تر حکومەت بە مەبەستی تواندنەوەی بارزانییەکان لە بۆتەی عەرەبدا بڕیاریاندا، هەر کەسێک ناسنامەی خۆی لە کورد بۆ عەرەب بگۆڕێت چەندان چیاووگی وەکو: خانوو، زەوی، موچە...هتد پێدەدرێت" (بارزانی، ٢٠٠٩، ٦٢- ٦٣).

ئاماژە بە گوفتاری سکاڵای گەواهیدەر (فاتیمە سلێمان عەبدوڵڵا) لە (دادگای باڵای تاوانەکان- دۆسیەی توێژینەوەکان) لە (٢٠٠٨/٦/٢٥)، لە

ناوەرۆکی سکاڵای ناوبراودا هاتووە: لە ساڵی (١٩٧٥)دا لەگەڵ ماڵباتەکەیان دانیشتووی ناحیەی بارزان- گوندی دەرەبۆتک بوون، هەر لەو ساڵەدا لە لایەن هێزێکی سەربازیی حکومەتی عێراقی گوندەکان گەمارۆ دراوە، بە شێوازی زۆرەملێ سەرەتا لە گوندەکەیان بۆ (بلێ) گوازراونەتەوە پاشان بە ئۆتۆمۆبێلی سەربازی بۆ دیوانیە- ئۆردوگای مەرزیجە گوازراونەتەوە، دوای چەند مانگێک لە ئاکامی کەمی خۆراک و خراپی گوزەران و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، منداڵێکی بە ناوی (سەمیرە یاسین مستەفا) و چەند کەسێک لە خزمەکانیان گیانیان لە دەستداوە و لە بیابانی ناوچەکە بە خاک سپێردراون، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە پارێزگای (قادسیە- دیوانیە) بە زۆر نیشتەجێکران، پاشان لە ساڵی (١٩٨٠)دا بۆ کوردستان- پارێزگای هەولێر گەڕێندرانەوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٨٣)دا هاوسەرەکەشی بە ناوی (یاسین مستەفا ساڵح) لەگەڵ زۆرێک لە پیاوانی بارزانی لە لایەن حکومەتەوە دەستگیردەکرێت و شوێنبزرکراوە (عبدالله، المحكمة الجنائية العراقية العليا- قضاة التحقيق، رقم القضية (٣٥٤٤)، ٢٠٠٨/٦/٢٥)، هەر لەو بارەیەوە گەواهیدەر (سەلیم عەزیز عوسمان) لە (دادگای باڵای تاوانەکان- دۆسیەی توێژینەوەکان) لە (٢٠٠٨/٥/٢٥) سکاڵای یاسایی تۆمار کردووە، ئاماژەی بەوە کردووە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٧٥)دا لە ناحیەی بارزان- گوندی تێل نیشتەجێبوون، لە مانگی (تشرینی دووەمی ١٩٧٥)دا ئەوان و دانیشتووانی گوندەکەیان بە زۆرەملێ لە لایەن هێزێکی سەربازیی حکومەتی عێراقی سەرەتا بە فڕۆکەی جۆری هەلیکۆپتەر بۆ ناحیەی بارزان- گوندی بازێ گوازراونەتەوە، پاشان بە ئۆتۆمۆبێلی سەربازی بۆ باشووری عێراق بۆ پارێزگای (قادسیە- دیوانیە) قەزای عەفەگ- گوندی جحێش گوازراونەتەوە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەو ناوچەیە بە زۆر نیشتەجێ کراون، لە ساڵی (١٩٨٠)دا بۆ کودستان گەڕێندراونەتەوە لە پارێزگای هەولێر- قوشتەپە دووبارە بە زۆر نیشتەجێکراون، لە ساڵی (١٩٨٣)دا دوو لە براکانی بە ناوەکانی (حاجی عەلی، عوسمان) لەگەڵ پیاوانی بارزانی لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە لە پرۆسەیەکی ئەمنی و سەربازیدا دەستگیرکراون و شوێنبزرکراون (عثمان،

المحكمة الجنائية العراقية العليا- قضاة التحقيق، رقم القضية (٣٥٣٥)، ٢٠٠٨/٦/٢٥). هەر لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بە گوفتاری گەواهیدەر (حوسێن حەمەدئەمین فەقێ) خەڵکی (گۆڕەتوو- شیڤەدزێ) لە (دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق- دادوەرانی توێژینەوە)، لە (٢٠٠٨/٥/٢٥)، لە ناوەرۆکی سکاڵاکە ئاماژەی بە ڕاگواستنیان لە ساڵی (١٩٧٥)دا دەکات، بە ئۆتۆمۆبێلی سەربازی لە ناوچەی بارزان بۆ پارێزگای دیوانیە- قەزای عەفەگ- گوندی جحێش ئۆردوگای ژمارە (٣) ڕاگویزراون، لە ڕەوشێکی سەختی گوزەراندا بوون، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی چەندان نەخۆشیی جۆراوجۆر، کە هۆکاری گیان لە دەستدانی چەند کەس بوو، بۆ ماوەی دووساڵ ڕێوشوینی توندیان لە بەرانبەردا گیراوەتەبەر وەکو قەدەغەی چوونەدەرەوە، نەبوونی ئاو و کارەبا (فقي، المحكمة الجنائية العراقية العليا- قضاة التحقيق، رقم القضية (٣٥٨١)، ٢٠٠٨/٥/٢٥).

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕێوشوێنە توندە سەربازییەکان، چاودێری ئەمنی و زەوتکردنی ئازادییەکان، کاریگەری دەروونی قوڵ و خراپی لەسەر بارزانییەکان دروستکردبوو، لەو بارەیەوە (شێخ سەباح سلێمان عەبدولسەلام بارزانی) دەڵێت: " لە لایەن حکومەت ئاگادار کراینەوە نابێ بەبێ پرس لە ماڵ بڕۆنە دەرەوە، سەردانی ماڵە کوردەکان بکەن و هیچ کەسێک سەردانتان بکات بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبن، کاتێک لە ساڵی (١٩٧٩)دا مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد، باوکم ئاگادارکرایەوە نابێ پرسەی بۆ دابنێن و خەڵک سەردانتان بکات چاودێریتان دەکەین، دوای ماوەیەک باوکم کۆچی دوایی کرد هەوڵماندا تەرمەکەی لە بارزان بە خاک بسپێرین، حکومەت ڕەزامەندی دا لە هەر شوێنێکی سنووری قەزای مێرگەسور بنێژرێت، جگە لە گوندی بارزان، بۆیە لە گوندی (دۆڕێ) ناشتمان، لە هەمان کاتدا هەریەکە لە (شێخ عوسمان شێخ ئەحمەد بارزانی، عوبیدوڵڵا مستەفا بارزانی)یان وەکو بارمتە لە هەولێر گلدایەوە، تاکو بەشداربووانی بە خاکسپاردنی شێخ سلێمان گەڕانەوە" (ساڵح، ٢٠١٧، ٧١- ٧٣). لە دواتردا سیاسەتی حکومەت هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هات لەوانە: بڕە خۆراکی مانگانە بۆ هەر خانەوادەیەک

دابینکرا، ڕۆژانە (٤- ٥) کەس مۆڵەتی چوونە دەرەوەی بۆ عەفەگ و دیوانیە پێدەدرا، دەبووایە لە مۆڵەتەکانیان هۆکاری چوونە دەرەوەیان بنووسن، لە هەمان ڕۆژ پابەندی گەڕانەوەبن (سالح، ٢٠١٧، ٨٠- ٨١)، کەسانی بە سالاچوو بڕی (٣٠) دیناریان وەکو مووچەی خانەنشینی بۆ دابینکرا، بارزانییەکان لە ئەنجامی ئەو دۆخەی تێی کەوتبوون، ناچاری دۆزینەوەی کارێک بوون، بە تایبەتی لە فەرمانگە حکومییەکان دوای چاوەڕوانییەکی زۆر ڕێگەی کارکردن و دامەزراندنیان لە فەرمانگە حکومیەکان پێدرا (عەبدە، ٢٠١١، ١٧٠). لەو بارودۆخەدا ئەمە کارێکی هێندە ئاسان نەبوو، بەڵکو پێویستی بە ڕەزامەندی و چاودێری بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ناوچەکە هەبوو، بۆیە هەندێک گۆڕانکاری لە مامەڵەی حکومەت بەرانبەر بارزانییەکان، مانای ئەوە نەبوو وەکو کەسانی ئاسای سەیر بکرێن، بە پێچەوانەوە زیاتر لە ژێر چاودێری دام و دەزگا ئەمنییەکاندا بوون، لە بەڵگەنامەکان بە ڕوونی ئەمە دەردەکەوێت، لەوانە: ئاماژە بە چەند نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایشی قادسیە و ئاسایشی گشتی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦- ١٩٧٨)، ناوەڕۆکی سەرجەم ئەم نووسراوانە زانیارییە، دەربارەی دامەزراندنی بەشێک لەو بارزانییانەی نیشتەجێی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق بوون، لە فەرمانگە حکومیەکانی باشووری عێراق و دیارکردنی ناونیشانی وەزیفیان (مديرية امن محافظة القادسية، ١٩٧٦/٤/١٠؛ مديرية الامن العامة، ١٩٧٦/٤/١٧؛ مديرية امن محافظة القادسية، ١٩٧٧/٨/٢٩؛ مديرية امن محافظة القادسية، ١٩٧٧/٨/٣٠؛ مديرية امن محافظة القادسية، ٢٣/ ١٠/ ١٩٧٧).

ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان پەردە لەسەر ئەوە هەڵدەماڵن، لە ستراتیج و دیدی ئەم دەزگایانەوە بارزانییەکان بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت، دامەزراوەکانی و...هتد، جێگای تێبینی و مەترسیبوون، لە لایەکی تر دەکرێت بگوترێت مەبەستێکی دیکەی حکومەت لە دامەزراندنی هەندێک لە بارزانییەکان لەو فەرمانگە حکومییانە، بە ئەگەری ڕاکێشانی هەست و سۆزیان و پەیڕەکردنی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە و دوورخستنەوەیان لە لایەنگری بۆ شۆڕش و کاڵکردنەوەی مەسەلە نەتەوایەتییەکان لە لایان،

هەروەها بۆ ئەوەی بارزانییەکان بە هۆی ئەم دەستکەوتەوە لە ناوچەکانی باشوور بە یەکجاری نیشتەجێبن و بیر لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان نەکەنەوە، دواجا ئاوێتەی کلتور و دابونەریتی عەرەبی بن (مدیریة امن محافظة القادسیة، ١٩٧٧/١٠/٢٣)، لە پاڵ ئەم بارودۆخە سەختەدا سەددام حوسێن لە بۆنە جیاوازەکاندا بە ڕووکەش ئاماژەی بە سیاسەتی لێبوردەیی و بەخشندەیی حکومەت بەرانبەر بە کورد دەکرد، لە (٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥)دا لە وتارێکیدا بۆ کادیرە پێشکەتووەکانی حیزبی بەعس لە (ناوچەی باکوور) وێنەیەکی جیاوازمان دەداتێ گوتویەتی: " بارزانییەکان ڕاگوێزران و لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەرکران"(نێروەیی، ٢٠٢٢، ٧٩)، هەروەها لە لایەکی دیکە لە ساڵی(١٩٧٦)دا سەبارەت بە کێشەی ڕاگواستنی دانیشتووانی کورد پەنابەرانی کوردی گەڕاوە لە ئێران، لە چاوپێکەوتنێکی دیکەدا دەڵێت: " هەندێک کاری ئیداری لە لایەن دەسەڵاتداران کراوە، پەیوەندیان هەیە بە جێگا گۆڕینی ژیانی هەندێک لە هاوڵاتیان کە لە هەندێک ناوچەی سنووریدا دەژیان، ئەم ناوچانە شوێنی گرنگ و ستراتیژین لە عێراق، هەروەها ئەو کاروانە پەنابەرانەیی لە ئێران گەڕانەوە، لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق نیشتەجێکران" (نێروەیی، ٢٠٢٢، ٧٩- ٨٠؛ عەلی، ٢٠٢١، ١٨٨- ١٨٩)، ئەمەش وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی بانگەشەکانی بوو، لە ڕوانگەی ئەوان بارزانییەکان لە کوردستان بارگرانیی و کۆسپێکی گەورە بوون، هەروەها بە پێی ئەزموونی ڕابردووی سەددام حوسێن بارزانییەکان جارێکی دیکە دەبوون بە هەوێنی شۆڕش، بۆیە لە ناوچەکانیان دوورخرانەوە (نێروەیی، ٢٠٢٢، ٧٩).

لە لایەکی دیکە سیاسەتی حکومەتی بەعس لە باری کارگێڕییەوە سەبارەت بە ناوچەکە، لە دوای گرتنەبەری سیاسەتی بە زۆر ڕاگواستنی دانیشتووان و چۆڵکردنی ناوچەکە، وێرانکرنی ناحیەی بارزان و بەشێک لە گوندەکانی دەوروبەری، بە پێی بڕیاری ژمارە (٦٤٨)ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە (١ی حوزەیرانی ١٩٧٧)، بە یەکجاری پلەی کارگێڕی لە ناحیەی بارزان سەندرایەوە (غفور، ٢٠٢٠، ١٩٧).

## باسی سێیەم:

## ڕاگواستنی زۆرەملێ و تێکدانی گوندەکانی بارزان (١٩٧٨-١٩٨٠):

ئاماژە بە بروسکەی نهێنی و بە پەلەی (لیژنەی باڵای کاروباری باکوور)(١)، لە (١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨)دا، بۆ وەزارەتەکانی (بەرگری، ناوخۆ) زانیاری بۆ سەرجەم دام و دەزگاکانی تایبەتمەند، وەکو: (وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان، کشتوکاڵ و ئاودێری، نیشتەجێکردن، تەندروستی، گواستنەوە و گەیاندن و...هتد)، بە گوێرەی ناوەڕۆکی بروسکەی ئاماژەپێکراو نەخشەی حکومەتی عێراقی بۆ ڕاگواستنی ناوچە سنوورییەکان، تاکو (١ی حوزەیرانی ١٩٧٨) لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ چەندان یەکەی نیشتەجێبون لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک و سلێمانی) دروست بکرێت، بۆ ئەو خێزانانەی بڕیارە لە ناوچە سنوورییەکان بە قووڵایی (١٠- ٢٠) کم ڕاگوازرێن، لەو چوارچێوەیەدا بڕیاری دروستکردنی (٢٥٢٩) یەکەی نیشتەجێبون لە پارێزگای هەولێر دراوە (الجنة العليا لشؤون الشمال، ١٩٧٨/١/١٢).

سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی حکومەتی بەعس لەو قۆناغەدا بۆ ڕاگواستنی بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەی بارزان شایەدحاڵ (ئیدریس سەلیم حوسێن موراد)، دەڵێت: " ناوبراو کە خەڵکی گوندی جویزێ- شێروان مەزنە، لە (نیسانی ١٩٧٨)دا بەر لەوەی ڕابگوازرێین زانیاری سەرەتاییمان هەبوو، لە هەولێر- بەحرکە خانوو بۆ ڕاگواستنی گوندنشینانی ناوچەی بارزان دروست دەکرێت، لە سەرەتای (تەمموزی ١٩٧٨)دا لیژنەیەکی حکومەت بەمەبەستی سەرژمێری مەڕومالات، زەوی و باخ و...هتد، هاتە گوندەکەمان و لە بەشێکی زۆر لە گوندەکانی ناوچەکە سەرژمێری ئەنجامدا، دوای چەند ڕۆژێک بە ئۆتۆمۆبێلی سەربازی بۆ هەولێر- بەحرکە ڕاگوێزراین، گوندنشینان لە هەڵبژاردنی ئەو کۆمەڵگایەی بۆی ڕادەگوێزران سەربەست نەبوون"(موراد، دیدار هەولێر- بەحرکە، ٢٩ی تەمووزی ٢٠٢٢)(٢).

لە چوارچێوەی ئەو ئامادەکارییانەی حکومەتی بەعس لە (٢٥ی

حوزەیرانی ١٩٧٨) تاکو (٧ی تەمووزی ١٩٧٨)، قۆناغی دووەمی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەستپێکرد، لەم قۆناغەدا عەشیرەتەکانی (شێروانی، مزوری باڵا- سەروو، بەشێک لە هەرکی بنەجێ و گەردی) بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی سنووری پارێزگای هەولێر ڕاگوێزران (ساڵح،٢٠١٧، ٩٣)، لە (٧ی تەمووزی ١٩٧٨)دا بە دیارکراوی بەشێک لە عەشیرەتی شێروان و مزوری ڕاگوێزران، لەو پرۆسەیەدا بەگشتی دانیشتووانی (٧٧) گوندی دەڤەرەکە بەر شاڵاوی ڕاگواستنی زۆرەملێ کەوتن، لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی پارێزگای هەولێر: (دیانا- قەزای سدیق، هەریر- قەزای شەقڵاوە، بەحرکە- قەزای ناوەندی پارێزگای هەولێر، گۆڕەتوو- قەزای مێرگەسور) نیشتەجێکران، دووری نێوان ئەو کۆمەڵگایانە لە یەکترەوە بە دەیان کلیۆمەتر بوو (مزویری ب، ٢٠١٣، ٥٢؛ جگەر سۆز، ٢٠٢٠، ل٢٣٨).

شایەدحاڵ (شەهاب جەمیل سەلیم فەرزی) دەڵێت: "بەر لە دەستپێکردنی سیاسەتی ڕاگواستنی دانیشتووانی ناوچەی بارزان، ئێمە دانیشتووی ناحیەی شێروان مەزن- گوندی کانی بۆت بووین، لە ساڵی (١٩٧٨)دا بە چەند ڕۆژێک بەر لە ڕاگواستنمان لە لایەن حکومەت ئاگادار کراینەوە سەبارەت بە نیازی حکومەت بۆ ڕاگواستنمان، پاشان هێزێکی سەربازی گەمارۆی گوندەکەمانیدا، ئێمە و سەرجەم دانیشتووانی گوندەکەمانیان بە ئۆتۆمۆبێلی سەربازیی بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی دیانا ڕاگواستین، دواتر خانوەکانی ئێمەیان بە ماددەی (t. n. t) تەقاندەوە و گوندەکانیان بە تەواوی لێ وێران کردین، بە زۆرەملێ لە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆمان ڕاگوێزراین، کە بە خواست و ویستی خۆمان نەبوو، هەروەها خزمەتگوزارییەکان لە ئۆردوگای دیانا وەکو پێویست نەبوو، زۆرینەی خەڵکی لە پێشتر لە گوندەکانی ناوچەکەمان بە پیشەی جووتیاری و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، بەڵام لە سەرەتادا لە کۆمەڵگای زۆرەملێی دیانا بۆ ماوەیەکی زۆر بێکار مانەوە، هەرچەندە گوندنشینان لە بەرانبەر ڕاگواستنیان هەندێک قەرەبوویان وەرگرت، دوای زیاتر لە ساڵێک نیشتەجێبونمان لە ئۆردوگای زۆرەملێی دیانا بارودۆخمان تا ئەندازیەک بەرەو باشتر ڕۆیشت، بەساڵاچووان مووچەی خانەنشینیان پێدەدرا، بەشێکی دیکە لە دانیشتووانی

ئوردوگاکە لە فەرمانگە حکومییەکانی وەکو: کشتوکاڵ و شارەوانی وەکو فەرمانبەر و کارگوزار...هتد دامەزرێندران، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی ئاسوودەیی و ئۆقرە لە دەروونی ئێمە و سەرجەم بارزانییە بە زۆر ڕاگوێزاوەکان بهێنێتە دی" (فەرزی، دیدار هەولێر- سۆران، ١٣ی ئەیلولی ٢٠٢٢)(٣)، لە ئەنجامدا دانیشتووانی ناوچەکە لە چوارچێوەی ڕێوشوێنی توندی سەربازی ڕاگوێزران، کێڵگە کشتوکاڵییەکان سوتێندران و لەناوبران، کانیاوەکان وشککرد، گوندەکان بە تەواوی وێرانکران (عومەر، ٢٠٢١، ٤٢؛ ملاسوار و بلەی، ٢٠٢٠، ٤٢).

سەبارەت بە پەیڕەوانی ئاییني مەسیحی لە ناوچەی بارزان، ژمارەیەک لە مەسیحییەکان خاوەن مێژوویەکی دێرینن لە ناوچەی بارزان لە گوندی بێدیال نیشتەجێبوونە، بەڵام حکومەتی عێراق لە درێژەی سیاسەتی ڕاگواستنی دانیشتووانی ناوچەکانی بارزان، دەستی لە ڕاگواستنی دانیشتووان و تێکدانی گوندە مەسیحینشینەکانیش نەپاراست، لەو بارەیەوە شایەدحاڵ (گورگیس یوحەننا عەودیش یوحەننا) دەڵێت: "ئێمە لە کۆنەوە لە ناوچەکە لە گوندی بێدیال نیشتەجێین، بەدرێژایی مێژوو لە سایەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، ڕێزگرتن لە ئایین و بەهاکانی یەکتر لەگەڵ بارزانییە موسڵمانەکانی ناوچەکە پێکەوە لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بووین و دەژین، لە ساڵی (١٩٧٨)دا گوندەکەمان نزیکەی (٥٠) ماڵ دەبوو، کاتێک حکومەتی بەعس لەو ساڵەدا دەستی بە ڕاگواستنی بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەکە کرد، دەستی لە مەسیحییەکانیش نەپاراست، سەرەتا بە زۆرەملێی گوندەکەمان جێهێشت و بە پیادەڕۆی بۆ گوندی (چامە) دواتر بۆ ناحیەی شێروان مەزن ڕۆیشتین، پاشان بە ئۆتۆمۆبێلی سەربازیی لەگەڵ بارزانییەکان بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی دیانا ڕاگوازراین، ئەوی زیاتر جێگەی پەرۆشی و دڵتەنگی ئێمە بوو، گوندەکەمان وێران کرا و تەنانەت کەنیسەکەمان کە مێژوویەکی زۆر دێرینی بەر لە هاتنی ئاییني ئیسلامی هەیە، لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئاییني ئیسلام لە ناوچەکە تێک نەدرا و پارێزراو بوو، بەڵام کاتێک حکومەتی بەعس دەستی بە جێبەجێکردنی

سیاسەتی ڕاگواستن لە ناوچەی بارزان کرد، کەنیسەی گوندەکەمانی تەقاندەوە و وێرانی کرد" (یوحەننا، دیدار شێروان مەزن- بێدیال، ١١ی ئەیلولی ٢٠٢٢)(٤).

ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی پارێزگای هەولێر بە بەراورد بە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق تاڕادەیەک جیاوازتر بوو، جگە لەوەی لە سنووری کوردستان دروستکرا بوون، لەگەڵ دابینکردنی هەندێک خزمەتگوزاری سەرەتایی وەکو قوتابخانە و نەخۆشخانە، هەروەها جیاوازی شێوەی خانووەکان و ڕووبەریان (بارزانی- ڕێبوار، ٢٠٠٩، ٤٥ و ٦٩)، لە درێژەی قسەکانیدا (ئیدریس سەلیم حوسێن موراد)، سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی دانیشتووانی ناوچەکە دەڵێت: " دانیشتووانی ناوچەکە لەلایەن حکومەت بە بڕێک پارە قەرەبووکرانەوە، بەڵام لە پرۆسەی قەرەبووکردنەوەکە گەندەڵی تێدا کرا، چونکە فەرمانبەرانی میری بەپێی حەزی خۆیان بۆ زۆر کەس قەرەبوویەکی زۆریان دەنووسی، بەڵام دواجار گوندنشینان زەرەرمەند بوون، چونکە زۆربەیان بێکار مانەوە و دوای ماوەیەک پارەکانیان خەرجکرد" (موراد، هەولێر- بەحرکە، ٢٩ی تەمووزی ٢٠٢٢).

## باسی چوارەم:

## گەڕانەوەی بارزانییەکانی باشووری عێراق و بەردەوامیی سیاسەتی ڕاگواستن (١٩٨٠-١٩٨١):

لە (١٧ی تەمووزی ١٩٧٩)دا سەددام حوسێن بە فەرمی لە جێگەی ئەحمەد حەسەن بەکر (١٩١٤- ١٩٨٢) دەسەڵاتی گرتە دەست، بە ئامانجی بەدەستهێنانی سۆزی گەلی کورد، تاڕادەیەک گۆڕانکاری لە سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرانبەر بە گەلی کورد بەدی دەکرا، لەو چوارچێوەیەدا ڕەزامەندی بە گەڕاندنەوەی کوردانی ڕاگوێزراو لە باشووری عێراق بۆ کوردستان دەربڕی، دیارە ئەم گۆڕانکارییانە لە سیاسەتی بەعس بەرانبەر بە گەلی کورد، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی ئێران بوو (حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٢١)،

ئەگەرچی سەرجەم ئەو کوردانەی بۆ باشووری عێراق ڕاگوێزرا بوون یان دوورخرابوونەوە، دواتر ڕێگایان پێدرا بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، بە پێچەوانەوە، تەنها ڕێگا بە گەڕانەوەی بارزانییەکان نەدرا (عومەر، ٢٠٢١، ١٢٩؛ محەمەد، ٢٠٠٤، ١٢٩).

جێگەی باسە وەکو ئامادەکارییەکی پێشوەختە بۆ گەڕاندنەوەی ڕاگوێزراوە کوردەکان لە ناوچەکانی باشووری عێراق بۆ کوردستان، بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ژمارە (١٣٤) لە (٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨)، ئاماژە بە بروسکەی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٦٣) لە (١١ی نیسانی ١٩٧٧)، بڕیاری دروستکردنی (١١٠٠٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبون درا، لە (٢٩) کۆمەڵگای زۆرەملێی لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)، بە گوێرەی ناوەرۆکی ئەم بڕیارە ئەو کوردانەی ڕاگوێزراون بۆ ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، سەرپشککراون لەو ناوچانە بمێننەوە یاخود بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، بەڵام هەریەکە لە پارێزگاکانی ( کەرکووک، دیالە و مووسڵ) لێی ڕێزپەڕ کراون و ناتوانن بۆی بگەڕێنەوە (محمد و اخرون، ٢٠٠٤، ١٩- ٢٠). پاشان لە ساڵی (٢٤ی ئەیلولی ١٩٧٩)دا لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڕیاری سەددام حوسێنی، سەبارەت مافی گەڕاندنەوەی بارزانییەکان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ کوردستان بڵاو کرایەوە (هاوکاری، ژ: ٤٩٣، ٢٤ی ئەیلولی ١٩٧٩، ١)، جێگای ئاماژە پێدانە لە پاڵ ئەم بڕیارە حیزبی بەعس سیاسەتێکی دووفاقی لە بەرانبەر بارزانییەکان پەیڕەو دەکرد، ئەویش لە ڕێگای پێشکەشکردنی چەندان جیاووگ و دەستکەوتی وەکو: پێدانی خانوویەک لە پارێزگای دیوانیە، پاداشتی (٣٠٠٠) هەزار دینار، دامەزراندنیان لە کەرتی حکومی، بە مەرجێک بۆ کوردستان نەگەڕێنەوە، بەڵام سەرجەم بارزانییەکان دەستکەوت و چیاووگەکانیان ڕەتکردەوە بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ کوردستاندا (ساڵح، ٢٠١٧، ١١٩)، لە ساڵی (١٩٨٠)دا لە (٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٠) و ( ٢٣- ٢٨ی نیسانی ١٩٨٠)دا(٥)، بە دوو قۆناغ حکومەتی عێراق بە ئۆتۆمۆبێلی سەربازیی بارزانییەکانی بۆ کوردستان گواستەوە، لە سنووری پارێزگای هەولێر-

قوشـــتەپە لە کۆمەڵگـــا زۆرەملێیەکـــانی قـــودس و قادســـیە دووبـــارە نیشـتەجێکرانەوە، بەڵام لە گەڕانەوەیـان بـۆ زێـدی ڕەسـەنی خۆیـان ڕێگریـان لێکرا (وۆچ، ٢٠١٣، ٩٦؛ بارزانی، ٢٠٠٩، ٦٦).

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی لە (١٤ی شوباتی ١٩٨٠)، کە تـایبەتە بە نـاردنی لیسـتێکی هـاوپێچ لە نـاوی سـەرۆکی خـانەوادە بارزانییەکـان کە لە پارێزگـای قادسـیە بـۆ پارێزگـای هەولێـر گـوازراونەتەوە، ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، بارزانییەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان نەگەڕێنداونەتەوە، لە لایەکی دیکە ئاڵوگۆڕی زانیـارییە لە نێوان دەزگا ئەمنییەکـان سـەبارەت بە جێگـۆرکێ پێکردنیـان و دواتـر ئاگـادار بـوون بـۆ چاودێری کردنیان لە بـارەی گەڕاندنەوەی بارزانییەکان لە باشـووری عێـراق بـۆ کوردسـتان (مديريـة الامـن العامـة، ١٤/٢/١٩٨٠). شـایەد حـاڵ (وەردە ئیبـراهیم شـینۆ) دەڵێـت: "دوای ئەوەی لە سـاڵی (١٩٧٥)دا حکـومەتی بەعـس ئـێمەی لە شـێروان مەزن- گونـدی شـانەدەر بـۆ باشـووری عێـراق دیـوانیە ڕاگواسـت، خـانەوادەی ئـێمە و بەشـێکی زۆر خـزم وخەڵکی ناوچەکەمـان، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە قەزای عەفەگ- ئۆردوگـای جحێش نیشـتەجێکراین، لە سـاڵی (١٩٨٠)دا جـارێکی دیکە لە پرۆسـەیەکی پێچەوانەدا، حکـومەتی بەعـس ئـێمە و سـەرجەم ئەو بارزانییـانەی لە باشـوور نیشـتەجێ کرابـووین بـۆ کوردسـتان گەڕانـدەوە، بەڵام بـۆ ناوچەکـانی خۆمـان نەگەڕێنـدراینەوە، لە پارێزگـای هەولێـر- قوشـتەپە لە ئۆردوگـا زۆرەملێیەکـانی (قـودس، قادسـیە) نیشتەجێکراین، ئەگەرچی تا ئەندازەیەک بـارودۆخی ژیانمـان لەو ئۆردوگایـانە بە بەراورد بە ئۆردوگاکانی باشـووری عێـراق باشـتر بـوو، بەڵام ئەمە مانـای ئەوە نەبـوو لە بـارودۆخێکی زۆر باشـدا بـین، بە تـایبەتی لە سـەرەتادا بـۆ مـــاوەی ســـاڵێک لە ژێـــر خێوەتـــدا نیشـــتەجێ کـــراین، هـــیچ یەکێـــک لە خزمەتگوزارییەکـــانی کارەبـــا، ئـــاو، تەندروســـتی...هتد بـــۆ دانیشـــتووانی ئۆردوگاکـــان دابـــین نەکرابـــوو، ئەمە ســـەرەڕای ئەو کارەســـات و ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکانی وەکو: ڕەشبگیری پیاوانی بارزانی، مامەڵە و ڕەفتاری توونـدوتیژی بەعـس لەگەڵ بارزانییەکـان لەو کۆمەڵگایـانەدا (شـینۆ، دیـدار

شێروان مەزن- شانەدەر، ١١ی ئەیلولی ٢٠٢٢)(٦). هەر چەندە بارزانییەکان بە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان دڵخۆش بوون، بەڵام ئەمە نەبوو بە هۆی پشوویەکی یەکجاری و درێژخایەن بۆیان، بەڵکو هێشتا لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکاندا گوزەرانیان لە بارودۆخێکی ناخۆشدا بوو، بەڵام ئەمجارە هێندەی نەبرد دوا بە دوای ئەم قۆناغە دووچاری بارودۆخێکی مەترسیدار و تراژیدی بوونەوە، لە بەردەم شاڵاوەکانی گرتن و بێسەر و شوێنکردنی بە کۆمەڵ نەیانتوانی خۆیان دەرباز بکەن (محەمەد، ٢٠١٥، ٣٩).

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە حکومەتی بەعس بە پێی هەل و مەرجی سیاسی و پیلانەکانی، لە سیاسەتی ڕاگواستنی دانیشتووان لە سەرانسەری کوردستان بەردەوام بوو، هەر بۆیە دانیشتووانی ناوچەکانی بارزان بە شێوەیەکی بەردەوام و پچڕ پچڕ بە پێی چەند قۆناغێک بەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن کەوتوون، لە سەرەتای ساڵی (١٩٨١)دا دانیشتووانی ناوەندی ناحیەی شێروان مەزن- مزوری باڵا بە فەرمی لە لایەن حکومەتی بەعس ڕادەگوێزرێن، لەو بارەیەوە شایەدحاڵ (فازل ڕەشید سلێمان تەمەربەگ میران)

کە لە ساڵی (١٩٨٠- ١٩٨١)دا، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس و بریکاری بەڕێوەبەری ناحیەی شێروان مەزن بووە، دەڵێت: "لە (ئەیلولی ١٩٨٠)دا لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بۆ ناحیەی شێروان مەزن گوازرامەوە، سەرەتا وەکو بەرپرسی بنکەی پۆلیس و دواتر وەکو بریکاری بەڕێوەبەری ناحیەکە دەست بەکار بووم، لەو کاتەدا دانیشووانی ناوەندی ناحیەکە نزیکەی (١٠- ١٢) ماڵ دەبوو، لەوانە: ماڵی هەریەکە لە ڕەشید ئاغا و سوار ئاغا لە ناوەندی ناحیەکە نیشتەجێ بوون، ئەوانیش خۆیان بۆ ڕاگواستن ئامادە کردبوو، چونکە پێشتر لە لایەن حکومەتەوە قەرەبوویان پێدرا بوو، سەبارەت بە هێزی ئەمنی و سەربازی لە ناحیەکەدا جگە لە بنکەی پۆلیس کە ژمارەمان (٢٠) پۆلیس بوو، زۆربەیان بە ڕەگەز عەرەب بوون زیاتر بە سزای سەربازی بۆ ناحیەیەکە گوێزرابوونەوە، بنکەی ئەمن لە ئەفسەرێک و (٤) کارمەندی ئەمنی بەڕەگەز عەرەب پێکدەهات، لەگەڵ فەوجێکی سەربازی لە

ناحیەکەدا، هەروەها ڕێگای سەرەکی ساردداو مێرگەسور بۆ شێروان مەزن، چەندان ڕەبییەی سەربازیی لێ دروستکرا بوو، ئێمە لە سەرەتای ساڵی (١٩٨١)دا بە بروسکەیەکی فەرمی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، دانیشتووانی ناحیەکەش لە لایەن لیژنەیەکی پارێزگای هەولێر ئاگادار کراینەوە، تاکو خۆمان ئامادە بکەین کە لە چەند ڕۆژێکی داهاتوودا بڕیاری ڕاگواستنی دانیشتووانی ناحیەکە جێبەجێ دەکرێت، پاشان حکومەت ژمارەیەک پاس و ئۆتۆمۆبێلی بارهەڵگری سەربازی بۆ ڕاگواستنی دانیشتووانی ناحیەکە، بنکەکانی پۆلیس، قوتابخانە و تەندروستی ڕەوانەی شێروان مەزن کرد، لەو کاتەدا خەڵکی ناحیەکە زۆر دڵتەنگ بوون و دەستیان کرد بە گریان، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو، بۆیە بە ناچاری پابەندی بڕیاری حکومەت بوون، لە مانگی (شوباتی ١٩٨١) بڕیارەکە جێ بەجێکرا و ناحیەکە بە تەواوی چۆڵکرا، من بە ئۆتۆمۆبێلی بنکەی پۆلیس بە یاوەری لیژنەی پارێزگای هەولێر و پۆلیسی هاتوچۆ لەپێش کاروانی ئۆتۆمۆبێلەکانەوە دەڕۆیشتم، کاتێک ئەوانمان گەیاندە هەولێر دەیانویست هەموویان بەیەکەوە لە ئۆردوگای پیرزین نیشتەجێ بکرێن، بەڵام لە لایەن لیژنەی پارێزگا بە بیانووی نەبوونی خانووی پێویست، هەندێکیان لە ئۆردوگای پیرزین، ئەوانی دیکەیان لە کانی قرژاڵە نیشتەجێکردن (میران، دیدار هەولێر، ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢)(٧). لە کۆتاییدا سەرجەم ئەو ناوچانەی دانیشتووانەکانیان ڕاگوێزرابوون بە ناوچەی قەدەغەکراو دیار کران، دەستگیرکردنی کەسانی خوێندەوار لەم ناوچانەدا بە لە سێدارەدان و نەخوێندەواریش بە بەندکردنی هەتاهەتایی سزا دەدران (نێروەیی، ٢٠٢٢، ٧٧).

لە درێژەی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس لە دژی ناوچەکە لە لایەنی کارگێرییەوە بە بڕیاری ژمارە (٢٦٧) لە (٧ی حوزەیرانی ١٩٨٢)دا ناحیەی مزوری باڵا پلەی کارگێری لێسەندرایەوە، سەرجەم زەوی و کەرتەکانی خرانە سەر مێرگەسور (الوقائع العراقیة، ع: ٢٨٨٧، ٧ حوزیران ١٩٨٢، ٤١٥). بە شێوەیەکی گشتی هیچ ئامارێکی دروست، لەبارەی ئەو خێزانە

بارزانییانەی لە ناوەڕاستی حەفتاکان یان دواتر دووچاری ڕاگواستنی بە زۆرەملێ بوون بەردەست نیە، ئەگەرچی لەم دواییانە هەندێک ئاماری نافەرمی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مەدەنی و چالاکوانە بارزانییەکان ئەنجامدراون و بەردەستن، ئەوان بەگشتی باس لە ڕاگواستنی (٢٠٠٠٠٠-٣٠٠٠٠٠) هەزار کەس دەکەن (عومەر، ٢٠١٥، ٣٧)، لە لایەکی تر لە ساڵی (١٩٧٨)دا ڕۆژنامەی (الثورة) زمانحاڵی حیزبی بەعس ئاشکرای کردووە، تەنها لە ماوەی دوو مانگی ساڵی (١٩٧٨)دا ژمارەی ڕاگوێزراوان ( ١٥٠) هەزار کەس بووە (سورمێ، ٢٠٠٦، ٨٩)، لە کۆتاییدا کاریگەری ئەستەمە لە بارەی ژمارەی ڕاگوێزاوان و زیانەکانی ڕاگواستن زانیاری دروست بەدەست بێت، ئەو تویژینەوانەی ئەنجامدراون ژمارەی گوندەکانیان زیاتر خستووەتەڕوو نەک ژمارەی دانیشتووانی ڕاگوێزراو، هەرچی لەبارەی دانیشتووانە ئەوا زیاتر لەسەر بنەمای خەمڵاندن قەبارەی زیانەکانیان خراونەتەڕوو (بابان زادە، ٢٠١٣، ٢٥٦- ٢٥٧).

**ئەنجام**

١-نـاوچەی بـارزان بە درێژایـی سـەدەی بیسـتەم مەڵبەنـدێکی گرنگـی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـی گەلـی کـورد بـووە، جـگە لەوەی بارزانییەکان ڕۆڵێکی دیاریان لە بزووتنەوە، ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا هەبووە، تەنـانەت لە هەنـدێک قۆناغـدا، بە تـایبەتی لە سـەردەمی شۆڕشـی ئەیلـول، سـەرکردایەتیی شۆڕشـەکەیان کـردووە، هەروەهـا بە هـۆی هەڵـکەوتەی جـوگرافی و سروشـتی سـەختی نـاوچەکە، گونـدەکانی دەڤەرەکە ناوەنـدیکی گرنگـی حەوانەوە، مـۆڵگە و پەنـاگەی قـایمی هێزەکـانی پێشـمەرگە بـووە، حکومەتی عێراق وەکو تۆڵەسەندنەوەیەک سیاسـەتی ڕاگواسـتنی دانیشـتووان و خـاپوورکردنی گونـدەکانی نـاوچەکەی گرتبـووەبەر، بەمەش هێـزی پێشمەرگەی بە تەواوی لە بنکەی فراوانی جەماوەر و هێزی گەورەی مرۆیی بەشێک لە دانیشتووانی گوندەکان دابڕی.

٢- پرۆسەکانی ڕاگواستنی بارزانییەکان و تێکدانی گوندەکانیان، لە لایەن حکومەتی عێراق بەپێی پیلانێکی نەخشە بۆ کێشراوی پێش وەختە، بە پێی خشـتە و قۆنـاغ بەنـدی، بەبـێ لەبەر چـاوگرتنی خواسـت و ئـارەزووی دانیشتووانی ناوچەکە و مافەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی زۆرەملێ و بە زەبری هێـز ئەنجـام دراوە، جێبەجێکردنـی ئەم ئەرکەش بە هێـزە سـەربازییەکانی حکومەتی عێراقی سپێردراوە.

٤- دابڕینـی نـاوچەی بـارزان و بارزانییەکـان لە پارچەکـانی دیـکەی کوردستان، بەتایبەتی لە هۆزەکانی گەردی و هەرکی کە درێژبونەوەیان بۆ نێو قـوڵایی خـاکی کوردسـتانی تورکیـا هەیە، کە پەیوەنـدییەکی توونـدوتۆڵی کـۆمەڵایەتی بە یەکیـانەوە دەبەسـتێتەوە، بەو هـۆیەوە بە تەواوی لە بـایەخی نەتەوەیی، جیۆپۆڵەتیکی و ستراتجی ئەو پارچەیەی کوردستان دابڕێندرا.

٥- دانیشتووانی ڕاگوێزراوی ناوچەی بارزان لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی باشـووری عێـراق، هەروەهـا لە کوردسـتاندا لە کۆمەڵگـا زۆرەملێیەکـانی پارێزگای هەولێر وەکو: (قوشتەپە، بەحرکە، هەریر، دیانا و سێبیران ...هتد) بە زۆر کۆکرانەوە و نیشتەجێکرابوون، ڕاگوێزراوان لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکاندا،

بەردەوام لە ژێر گوشارە جیاوازەکانی حکومەتی بەعسدا بوون، توانا و ئازادی گەڕانەوە و هاتوچۆیان بۆ ناوچەکانی خۆیان نەبوو، بە تەواوی لە ژێر چاودێری و ڕکێفی دام و دەزگا ئەمنی و سەربازییە داپڵۆسێنەرەکانی حکومەتی بەعسدا بوون، بە تایبەتی لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق دووچاری ڕەوشێکی ناهەموار بوونەوە، بەم هۆیەوە چەندەها کەس لە منداڵان و بە ساڵاچوان بە هۆی خراپی ئاووهەوا و بڵاوبونەوەی نەخۆشی، گیانیان لە دەستدا، لە بیابانەکانی باشووری عێراق بە خاک سپێردران، بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان، خزمەتگوزارییە پێویستییەکانیان تێدا دابین نەکرابوو.

٦- حکومەتی عێراق بەتێکدانی بەشێکی زۆر لە گوندەکان و ڕاگواستنی بارزانییەکان، ژێرخانی ئابووری ناوچەکەی هەڵتەکاند، ڕووبەرێکی گەورە لە زەوییەکانی ناوچەکە بەبێ دەستی کار و بەرهەمهێنان مانەوە، هەرچەندە شێوازی بەرهەمهێنان لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ناوچەی بارزان بە شێوەیەکی خۆبژێوی بووە، هەروەها کۆکردنەوەی ڕاگوێزراوە بارزانییەکان لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکاندا، لە تاکی بەرهەمهێنەوە بوون بە کەسانی بەکاربەر و بێ بەرهەم، هەروەها لە پاڵ ئەمانەدا بڵاوبونەوەی دیاردەی بێکاری سەرتاسەری لە نێو دانیشتووانی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبوو، لە لایەکی دیکە زیانێکی زۆر بە ژێرخانی ئابووری کوردستان گەیاند، چونکە ناوچە ڕاگوێزراوەکان کرابوونە ناوچەی قەدەغەکراو، چەندان کۆمەڵگای زۆرەملێی لەسەر ڕووبەری گەورەی زەوی کشتوکاڵی دروستکرابوون، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی چالاکی ئابووری لە کوردستاندا هەبوو.

٧- سیاسەتی ڕاگواستنی دانیشتووانی بارزان و کۆکردنەوەیان لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکاندا، کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری کارگێڕی و دابەشبوونی دانیشتووان لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر هەبوو، لە باری کارگێرییەوە هەر یەکە لە ناحیەکانی بارزان و شێروان مەزن، تاکو کۆتایی ماوەی فەرمانڕەوایەتی حیزبی بەعس لە کوردستان، بە یەکجاری پلەی

کارگێڕیـــان لێســـەندرایەوە و هەڵوەشـــێندرانەوە، لە لایەکـــی دیـــکە چـــڕی و دابەشـــبوونی دانیشـــتووان گۆڕانکـــاری بە خـــۆیەوە بینـــی، لە هاوکێشـــەیەکی پـــێچەوانەدا ڕێـــژەی نیشـــتەجێبوون لە شـــارەکان و کۆمەڵگـــا زۆرەملێیەکـــانی دەورووبەری شـــــارەکان، ڕوو لە هەڵکشـــــان و بە پـــــێچەوانەوە ڕێـــــژەی گوندنشینان ڕوو لە داکشان بوو.

**پەراوێزەکان:**

(١) لێژنەی بـاڵای کاروبـاری بـاکور: لە (٢ی شـوباتی ١٩٧٩) بە بڕیـاری ژ (٩٩٧)ی ئەنجـــومەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش دامەزرا، لە ئەنـــدام و نـــوێنەرانی دام و دەزگاکانی: ( حیزبی بەعس، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشـی گشـتی- ئەمن، دەزگـای هەواڵگـری سـەربازیی- اسـتخبارات العسـكرية، دەزگـای هەواڵگریـی دەرەوە- مخابرات) پێکهاتبوو، لە (٢٣ی نیسانی ~~١٩٨٩)~~، ئەرکی ئەم لێژنەیە لە کوردستان جێبەجێکردنی سیاسـەتەکانی بەعەرەبکردن، ڕاگواسـتن و..هتد حکومەتی بەعس بـوو، دوای ئەوەی بە بڕیـاری ژ (٢٧١)ی ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش، بارودۆخی نائاسـایی لە کوردسـتان کۆتـای پێهێنرا، هەروەهـا بە پێی یاداشـتێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر، کە ئاراستەی دەزگا ئەمنییەکانی دیکە کراوە، لە (٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٩) بە بڕیای ژ (٧٧١)ی  ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـــۆڕش، بڕیـــاری هەڵوەشـــاندنەوەی دراوە، کە بـــۆ مـــاوەی (١٠) ســـاڵ لە کاروچالاکیدا بوو، بەڵام جارێکی دیکە لە (١٩٩٣) لە ژێر نـاوی (لێژنەی بـاکوور) دامەزرایەوە، لە لایەن (تەهـــا یاســـین ڕەمەزان)ی جێگـــری ســـەرۆک کۆمـــار سەرپەرشـتی دەرکـرا و ڕاسـتەوخۆ بە سـەرۆکایەتی کۆمـارەوە بەسـترابۆیەوە، تـــاکو ڕووخـــانی حکـــومەتی بەعـــس لە (٢٠٠٣) لە کارەکـــانی بەردەوام بـــوو، (دیبەگەی، ٢٠١١، ١٣٩- ١٤٠)؛ (وۆچ، ٢٠١٣، ٩٤ و ٤٣٣).

(٢) ئیـدریس سـەلیم حوسـێن مـوراد: لە دایکبـوی (١٩٥٠) مـزوری بـاڵا- گونـدی گـویزێ، پیشـەی کاسـبە، خوێنـدەوارە، لە (١٩٧٨) لەگەڵ ماڵبـاتەکەی و خەڵکـی ناوچەکەیان بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکە ڕاگوێزراوە، یەکێکە لە ڕزگاربوانی پرۆســـەی دووەمـــی دەســـتگیرکردنی بارزانییەکـــان لە (١٠ی ئـــابی ١٩٨٣) لە کۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکە، دانیشتووی ئێستا هەولێر- بەحرکەیە.

(٣) شەهاب جەمیل سەلیم فەرزی: لە دایکبوی (١٩٦٦) ناحیەی شێروان مەزن- گوندی کانی بۆت، پیشەی پێشمەرگە، دەرچووی سەرەتای، لە (١٩٧٨) خۆی و خانەوادەی لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکەیان لە لایەن حکومەتی بەعس بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی دیانا ڕاگوێزراون، یەکێکە لە ڕزگاربوانی پرۆسەی دووەمی دەستگیرکردنی بارزانییەکان لە (١٠ی ئابی ١٩٨٣) لە کۆمەڵگای زۆرەملێی دیانا، هەروەها (٢) لە براکانی بە ناوەکانی (سەلیم، وەیسی) لەو پرۆسەیەدا دەستگیرکراون و شوێنبزرکراون، ئێستا دانیشتووی هەولێر- قەزای سۆرانە.

(٤) گورگیس یوحەننا عەودیش یوحەننا: لە دایکبوی (١٩٤٥)، پیشەی خانەنشین، لە (١٩٧٨) لە ئەنجامی سیاسەتی ڕاگواستنی حکومەتی بەعس بۆ ڕاگواستنی بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەکانی بارزان، لەگەڵ دانیشتوانی مەسیحینشینی گوندی بێدیال بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی دیانا ڕاگوازراوە، یەکێکە لە ڕزگاربوانی پرۆسەی دەستگیرکردنی بارزانییەکان لە (١٩٨٣) لە کۆمەڵگای دیانا، لە (٢ی ئەیلولی ٢٠٠٩)، وەکو گەواهیدەر لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە دژی تۆمەتبارانی دۆسیەی بارزانییەکان بەشداری کردووە، ئێستا دانیشتووی ناحیەی شێروان مەزن- گوندی بێدیالە.

(٥) سەبارەت بە ڕێکەوتی ڕۆژەکان لە ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٨١)ی تایبەت بە پرۆسەکانی ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکانی بارزان، لە نێوان زۆرێک لە سەرچاوەکان جیاوازیەکی کەم بەدی دەکرێت، ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی وایکردووە، کە بەشێوەیەکی دروست ڕێکەوتی ڕاگواستنی گوندەکان وەکو خۆی تۆمار نەکرابێت، هەروەها هیچ ناوەندێکی ئەکادیمی لەو کاتەدا ئەو ئەرکەی نەخستۆتە نێو خشتەی کارەکانی، تەنانەت هەندێک لە ڕاگەیاندنەکانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەو سەروبەندەدا لەو بارەیەوە بە هەڵە زانیاریان دەربارەی ڕێکەوتی هەندێک لەو ڕووداوانە تۆمار کردووە، ئەوەشی لە نێو سەرچاوەکاندا بەردەستە لە ئەنجامی هەوڵەکانی توێژەران و چاوپێکەوتنە مەیدانییەکانیان لە زاری گەواهیدەرەکانەوە تۆمارکراوە، بۆیە لەو لایەنەوە نەتوانراوە ڕێکەوت و بەروارەکان بە دروستی بە پێی ڕۆژەکان دیاری بکرێن، بۆیە هێشتا ئەم لایەنە بەتەنها پێویستی بە توێژینەوەیەکی زانستیانە هەیە.

(٦) وەردە ئیبراهیم شینۆ: لە دایکبوی (١٩٥٥)، پیشەی ژنی ماڵ، نەخوێندەوار، لە (١٩٧٥) لە لایەن حکومەتی بەعس لەگەڵ خانەوادەکەی و خەڵکی ناوچەکەیان بۆ

باشووری عێراق دیوانیە- قەزای عەفەگ- ئۆردوگای جحێش ڕاگوێزراوە، لە (١٩٨٠) لە لایەن حکومەتی بەعس لەگەڵ سەرجەم بارزانییەکان لە باشووری عێراق، بۆ کوردستان گەڕێندرانەتەوە، لە هەولێر- قوشتەپە- ئۆردوگای زۆرەملێیی قودس نیشتەجێکراون، لە (٣١ی تەمموزی ١٩٨٠) لە پرۆسەی دەستگیرکردنی بارزانییەکان هاوسەری و (٢) لە برای لەلایەن حکومەتی بەعس دەستگیرکراون و شوێنبزرکراون، ئێستا دانیشتووی ناحیەی شێروان مەزن- گوندی شانەدەر.

(٧) فازڵ ڕەشید سلێمان تەمەربەگ میران: لە دایکبوی (١٩٤٨) دەرچووی ئامادەییە، لە (١٩٧٧) دەچێتە ڕیزەکانی پۆلیس وەکو ڕێپێدراوی پۆلیس دادەمەزرێت، لەماوەی کارکردنیدا بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر وەکو ڕێپێداروی لێکۆڵەر- مفوض التحقیق لە بنکەکانی پۆلیس لە هەولێر و دەوروبەری ئەرکی دیتووە، لە کۆتایی (١٩٨٠- ١٩٨١) وەکو بەرپرسی بنکەی پۆلیس و بریکاری بەڕێوەبەری ناحیەی شێروان مەزن دەست بەکار بووە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێتە ئەفسەر، لە قۆناغی کۆتای ڕاژەکەیدا بە پلەی مقدم لە پایەی بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر لە ڕاژە و ئەرکدا بووە، لە ساڵی (٢-١٢) خانەنشین بووە، ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بەڵگەنامە:**


- اللجنة العليا لشؤون الشمال (١٩٧٨/١/١٢)، م: المعلومات، العدد (١٩/١).
- فقي، حسين حمدأمين (٢٥/ ٥/ ٢٠٠)، المحكمة الجنائية العراقية العليا- قضاة التحقيق، رقم القضية (٣٥٨١).
- عبدالله، فاطمة سليمان (٢٠٠٨/٦/٢٥)، المحكمة الجنائية العراقية العليا- قضاة التحقيق، رقم القضية (٣٥٤٤).
- عثمان، سليم عزيز (٢٠٠٨/٦/٢٥)، المحكمة الجنائية العراقية العليا- قضاة التحقيق، رقم القضية (٣٥٣٥).
-محافظة نينوى- لجنة التنسيق، (١٩٧٥/٧/٢٦)، م: معلومات، العدد (س١/٤٦٣٠).
- مديرية امن محافظة القادسية، (١٩٧٦/٣/٢٩)، م: قوائم، العدد (٩٧٩).
- مديرية الامن العامة/الشؤون السياسية، (١٩٧٦/٤/١٧)، م: تعيين، العدد (ش١١٧٨٣/٣).
- مديرية الامن العامة/الشؤون السياسية، (١٩٧٦/٥/١٦)، م: قوائم، العدد (ش١٥٠٨١/٣).
- مديرية امن محافظة القادسية، (١٩٧٦/١٠/٦)، م: وصول اكراد عائدين، العدد (٤٣٩٧).
- مديرية امن محافظة القادسية، (١٩٧٦/٤/١٠)، م: تعيين اكراد، العدد (١١٣٧).
- مديرية امن محافظة القادسية، (١٩٧٦/١١/١١)، م: قوائم، العدد (و٥٥٦٣٥/٢).
- مديرية امن محافظة القدسية، (١٩٧٧/٨/٢٩)، م: تعيين اكراد، العدد (٥٧٩٤).
- مديرية امن محافظة القدسية، (١٩٧٧/٨/٣٠)، م: تعيين اكراد، العدد (٥٨٣٧).
- مديرية امن محافظة القادسية، (١٩٧٧/١٠/٢٣)، م: نقل اكراد، العدد (٧٥٠٨).
- مديرية الامن العامة، (١٩٨٠/٢/١٤)، م: معلومات، العدد (٧٢٦٠/٣ق٠٦٤).


**دووەم: بڵاوکراوەی حکومی و حیزبی:**


- الوقائع العراقية: العدد (٢٨٨٧)، في (٧ حوزيران ١٩٨٢).
- الحزب الديمقراطي الكردستاني القيادة المؤقتة، الذكرى الاولى لثورة آيار المجيدة، اوسط تموز ١٩٧٦- ٢٤ ايار ١٩٧٧.

**سێیەم: نامەی زانکۆیی:**

-حەمەدئەمین، ئارام ئەبوبکر (٢٠١٦)، بارودۆخی سیاسی پارێزگای هەولێر (١٩٧٩-١٩٩١)، نامەی ماستەر بڵاو نەکراوە، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**چوارەم: کتێب:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

- ئەسەسەرد، فەرید (٢٠٠٠)، کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، چ٢، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- بابان زادە، کامەران (٢٠١٣)، ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لە کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور، چ١، چاپخانەی کەمال، سلیمانی.
- بارزانی، ڕێبوار ڕەمەزان (٢٠٠٩)، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- بارزانی، مەسعود (٢٠٢١)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد١٩٧٥-١٩٩٠، بەرگ٤، ب٢، چ١، چاپخانەی ڕۆکسانا، ب. ش.
- تالب، جەزا تۆفیق (٢٠١٢)، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی، چ١، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.
- تەیب، جەمال فەتحوڵڵا (٢٠١٢)، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥/٣/٢١- ١٩٨٠/١١/٢٨)، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- جگەر سۆز، محەمەد ساڵح پێندرۆیی (٢٠٢٠): ژیانی کەلتوری و کۆمەڵایەتیی دەڤەری مزووری باڵا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- جەلال، برایم (٢٠١١)، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چ٣، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- چالی و زێتی و بلەی، کرمانج و رازی عادل و حازم سافیا (٢٠٠٩)، دەرگەهەک بۆ ناساندنا جینۆسایدا بارزانیان د ناڤبەرا سالێت ١٩٧٥- ١٩٩١، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- دیــبەگەی، دەرســیم (٢٠١١)، ئینســکلۆپیدیای تۆمەتبــارانی شــاڵاوی ئەنفــال لە باشووری کوردستان، چاپخانەی ئازادی، هەولێر.
- ســاڵح ، عــومەر هەمــزە (٢٠١٧)، جینۆســاید و تاوانەکــانی ڕژێمــی بەعــس دژی بارزانییەکــان لە (١٩٧٥- ١٩٩١) لە زمــانی شــایەتحاڵ و بەڵگەنامەکــانەوە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ســورمێ، هەژار عەزیــز (٢٠٠٦)، کــورد و جینۆســاید و ئیبــادەکردن هەڵوێســتی یاسای نێودەوڵەتی، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- عبدالرحمن، فرمان (٢٠٠٦)، پاکتاوی ڕەگەزی کورد لە کوردستانی عیراقدا، چ١، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری (ی. ن، ک)، سلێمانی.
- عەبدە، زەمان (٢٠١١)، مەرگەساتی ئەنفال، بەرگ١، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- عەلــی، شــەریف (٢٠٢١)، جــوڵانەوەی نەتەوەیــی باشــووری کوردســتان (١٩٦١- ١٩٨٢) لە بەڵگەنــامە نهێنییەکــانی وەزارەتــی دەرەوەی بەریتانیــا، و: پاســار شـێرکۆ، چ٢، زنجیـرە پەرتـوکێن (٦٠) ســالیا شۆرەشـا ئەیلـولێ (١٩٦١- ١٩٧٥)، دهۆک.
- مـحەمەد، عـومەر (٢٠١٥)، کۆمەڵکوژی بارزانییەکـان قۆناغێک بەر لە ئەنفـال، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
- مـحەمەد، مـراد حەکیم (٢٠٠٤)، ئاکـامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسـەتی ڕاگواسـتن لە عێـراق لە سـەردەمی بەعـس دا، چ١، لە بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری تـوێژینەوەی ستراتیجیی سلێمانی.
- مزویری أ، ڕێکارێ (٢٠١٠)، جینۆسـایدکردنی بارزانیەکـان، چ١، چاپخـانەی حـاجی هاشم، هەولێر.
- مزویـری ب، ڕێکـارێ (٢٠١٣)، سـەربۆرا تراژیـدیایێن بارزانییـان، چ١، چاپخـانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مسـتەفا، سـوزان کەریـم (٢٠٠٧)، بەعسـیزم و کـورد ١٩٤٧- ١٩٧٥، چ١، دەزگـای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ملاسوار و بلەی، غفور احمد و حازم محمد (٢٠٢٠)، مێژوویـا کارگێری ل دەڤەرا بارزان (قەزا مێرگەسۆر)، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- مەزهەر، کەمـال (٢٠٠٩)، کـورد و کوردسـتان لە بەڵگەنـامە نهێنییەکـانی حـوکمەتی

بەریتانیادا، چ۲، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان.
- مینە، ئەمین قادر (۲۰۱۳)، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، چاپخانەی حەمدی، چ۳، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سلێمانی.
- نێروەیی، عەلی تەتەر (۲۰۲۲)، سیاسەتی حکومەتی عێراقی لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا (۱۹۷۵-۱۹۹۱)، بەرگ۲، چ۲، چاپخانەی ئێران، دهۆک.
- وۆچ، هیومان رایتس/میدل ئیست (۲۰۱۳): جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چ۳، چاپخانەی کەمال، ب. ش، ۲۰۱۳.
- ئەبوبکر، عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب (۲۰۰۱)، عەشیرەتی بارزان لە نێوان ساڵانی (۱۹۳۱- ۱۹۹۱)، چ۱، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- عومەر، عەدالەت (۲۰۱۲)، لە ڕاگواستنەوە تاکو جینۆساید بە پێی بەڵگەنامە فەرمی و مێژووییەکان، جینۆساید لە ناسنامەوە بۆ پرۆژە-توێژینەوە، کۆنفرانسی ڕێکخراوی دۆز (چەمچەماڵ) پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوان، چ۱، ب.ش.

ب- بە زمانی عەرەبی:
- الطالباني، جلال (۱۹۸۸)، حول القضية الكردية فی العراق، د. م.
- جمباز، طارق (۲۰۰٤)، قرارات و مراسيم مجلس قيادة الثورة الملتعقة بكوردستان (۱۹٦۸- ۲۰۰۳)، ط۲، مطبعة شهاب للكومبيوتر و الطباعة، أربيل.
- غفور، عبدالله (۲۰۲۰)، التشكيلات الادارية في جنوب كردستان، ط٤، د. م.
- محمد و اخرون، خليل اسماعيل (۲۰۰٤): سياسة التعريب في اقليم كردستان العراق، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربيل.

پێنجەم: دیدارەکان:
- شینۆ، وەردە ئیبراهیم، دیدار ناحیەی شێراوان مەزن- شانەدرە، ۱۱ی ئەیلولی ۲۰۲۲.
- فەرزی، شەهاب جەمیل سەلیم، دیدار هەولێر- قەزای سۆران، ۱۳ی ئەیلولی

.٢٠٢٢

- موراد، ئیدریس سەلیم حوسێن، دیدار هەولێر- بەحرکە، ٢٩ی ئەیلولی ٢٠٢٢.
- یوحەننا، گورگیس یوحەننا عەودیش، دیدار شێروان مەزن- بێدیال، ١١ی ئەیلولی ٢٠٢٢.
- میران، فازڵ ڕەشید سلێمان تەمەربەگ، دیدار هەولێر، ٢١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢.

**شەشەم: گۆڤار و ڕۆژنامە:**

- سەرۆکی فەرماندە فەرمان دەدا کوردە بەرزانییەکان لە خوارو و ناوەڕاستی عیراق بگەڕێنەوە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٩٣)، (٢٤ی ئەیلولی ١٩٧٩).
- عەبدوڵلا، سلێمان (١٩٩٩)، ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٢)، هەولێر.

**ملخص**

## سياسة الترحيل والتهجير القسري من قبل الحكومة العراقية تجاة البرزانيين (١٩٧٥–١٩٨١)

بعد نكسة ثورة أيلول (١٩٧٥)، قامت حكومة البعث بتنفيذ سياسة الترحيل والتهجير القسري، وذلك ضمن مخطط الترحيل السكان وتدمير القرى الحدودية، لذلك تم حسب المخطط بترحيل و تدمير العدد من القرى منطقة بارزان، بناء على المعلومات الواردة في الوثائق الرسمية، وتلك التى تم الحصول عليها عن طريق المقابلات الشخصية مع اهالي المنطقة وأقوال الشهود في شكوى المحكمة الجنائية العراقية العليا أكدت تلك السياسة، بعد عام (١٩٧٥) تم تنفيذ سياسة الترحيل بعدة مراحل، المرحلة الاولى بداءت في عام (١٩٧٥)، المرحلة الثانية في عام (١٩٧٨) والمرحلة الثالثة في عام (١٩٨٠-١٩٨١)، وفي الوقت نفسه قامت الحكومة العراقية بالغاء الوضع الاداري لناحية بارزان في (١٩٧٧) و ناحية سيروان مازن في سنة (١٩٨٢). وقد تركت هذه السياسات الحكومية أثار سلبية على أوضاع منطقة بارزان و سكانها من جميع النواحي.

**الكلمات الدالة:** البارزانيون، الترحيل، التهجير القسري، الحكومة العراقية.

## Abstract

### The Iraqi Government Policy of Deportation Forced Displacement Towards the Barzanis 1975- 1981.

After the collapse of the September revolution in 1975. Bath's government implemented its policy in a planned manner. In this context baath government started a deporation processes for citizens of Barzan district and destruction of their villages. A detailed information concerning this subject was obtained from official documents and personal interviews conducted by the researcher with eyewitnesses. The above mentioned policy of Iraqi policy carried out in three stages, the first one in 1975, the second in 1978 and the third during the years 1980- 1981. This policy resulted in bad economic and social effects in Barzan region and its inhabitamts, the Iraqi also appolished the administrative status of Barzan (nahiya) in 1977 and that of Sherwan Mazn in 1982.


**Keyword:** Barzani People, Deportation, forced Displacement, Iraqi Government.